# دۆگماتیزم و شارستانییەت

(ڕاڤەی پرسەکانی تاك و کۆمەڵگە)

## حەسەن جودی

کۆمەڵە وتار

**2018**

دۆگماتیزم و شارستانییەت

(راڤەی پرسەکانی تاك و کۆمەڵگە)

# حەسەن جودی

کۆمەڵە وتار

## بابەت: هزریی

## چاپ: 2018 سلێمانی

## نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

## تێچنینێك

ئەوەی لەم نامیلکەیە دەیخوێنیتەوە بریتییە لە کۆمەڵێك وتار کە لەساڵی 2004دا هەفتانە لە گۆشەی رامانگەی هەفتەنامەی (رۆژی وڵات)دا بڵاوکراونەتەوە. کۆی وتارەکان چەند تەوەرەیەکی هاوبەش سەبارەت

بە دۆگماتیزم و شارستانییەت لەخۆوە دەگرێت و لەم چوارچێوەیەشدا هەندێك لە پرسەكانی تاك و كۆمەڵگە ڕاڤە دەكات. ئەم وتارانە؛ هەرچەندە هەفتانە نووسراون، بەڵام بەیەك نەفەس و قووڵبوونەوە دارێژراون. هەر وتارێك سەربەخۆیە و لەهەمانكاتیشدا لەگەڵ وتارەكانی تردا یەكتر تەواو دەكەن.

پێویستە ئەوە بخەمەڕوو كە لەم وتارانەدا، بەهۆی پێویستیی دەربڕینەوە، كۆمەڵێك زاراوە و دەستەواژەم بۆ جاری یەكەم داڕشتووە، داڕشتنەكەش زیاتر لە تەسریفكردن (تصریف)ی چاوگی وشەیەكی كوردی ئاساییەوە وەرمگرتووە. بۆیە ئەو زاراوە و دەستەواژانە ئەوەندەی دارێژراو و تەسریفكراون ئەوەندە داتاشین و داتاشراو نیین. هەرچەندە زۆربەی ئەو زاراوە و دەستەواژانەم پێش یان دوای ئەم كۆمەڵە وتارانەش بەكارهێناون. بەڵام زۆرترینیان بۆیەكەمجار لەم كۆمەڵە وتارەدا بەكارهێنراون. هیواخوازم تەسریفكردن و داڕشتنەكە شوێنی خۆیان گرتبێت و واتا و مەبەستەكان بگەیەنن.

مسۆگەر كۆكردنەوە و چاپكردنەوەی ئەم كۆمەڵە وتارە بەیەكەوە سوودی زیاتر هەیە وەك لەوەی ئەوكاتە هەفتانە بڵاو دەكرانەوە. لەڕووی هزریشەوە؛ ئەوەی لەم وتارانەدا هاتووە تاڕادەیەك دەربڕی ئاستی بیركردنەوەی زەمەنی نووسینی وتارەكانە، رەنگبێ لە زۆر مژاری باسكراودا قووڵبوونەوەی بیر و ڕوانینەكانم فراوانتر بووبن، بەڵام نەمویست بەهیچ شێوەیەك گۆڕانكاریی تێدا بكەم. جگە لەهەندێ دەسكاریی زۆر بچووك لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازی و ڕاستكردنەوەی هەڵەكانی چاپ. هیواخوازم ئێوەی خوێنەر لێی سوودمەند ببن.

حەسەن جودی

## دۆگماتیزم ... دۆگماشكێن

لە هزرە سەرەتاییەكانی مرۆڤەوە بگرە تا دەگاتە میتۆلۆژیا و ئایین و فەلسەفە و تەنانەت بڕێک لە زانستیش لە ژێر كاریگەری ئەقڵییەت و لۆژیک و چەمكە دۆگماییەكان قوتاریان نەبووە و گیرۆدەی بوونە. ئەگەر لە

رووێکەوە خوازرابێت دۆگماتیزم تێپەڕێنرێت، ئەوا لە چەندین رووەوە لێی قوتار نەبوونە، لە خۆرهەڵاتدا پەیامبەر و سۆفیگەراکان، لە خۆرئاواش فەیلەسوف و زاناکان لە مەداری دۆگماتیزم دەرنەچوون. ئەگەرچی لە گەلێک کایەدا تێکیانشکاندووە و دەروازەیەکیان لەبەردەم دژە دۆگمایی "رێژەگەرایی - ئەزموونگەرایی - بابەتگەرایی... هتد" کردۆتەوە، وەلێ لە دواجاردا دۆگماتیزم تەنگی پێهەڵچنیون و پەلکێشی خۆی کردوونەتەوە. دەکرێ هەردوو رەوتی فەلسەفی "ئەرستۆیی "و"ئەفلاتوونی" لە ترۆپکدا دوو سیمای جیاوازی فەلسەفەی دۆگمایی ببینرێن. کاریگەریی لۆژیکی دۆگماییانەی ئەرستۆ"2500"ساڵە هەموو بوار و کایەکانی هزر و ژیانی تەنیوەتەوە. هەروەها فەلسەفەی دژە دۆگمایی"سوقرات"یش وەک رەوتێکی فەلسەفی دۆگماشکێن 2500 ساڵە کاریگەری خۆی کردووە و بەردەوام بووە. دەکرێ ئەوەش بڵێین: فەلسەفەی مەتریالیزمی دیالەکتیکی و مێژووییش نەیتوانیوە تەواو کاریگەرییەکانی دۆگماتیزم تێبپەڕێنێ. هەروەها دۆگماتیزم خۆی ئاوێتەی زانستیش کردووە و گیانی دۆگماشکێنی زانستیشی لاواز کردووە.

هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە؛ فەلسەفەی دۆگماشکێنی"دژە دۆگما" لە کاروانی هزری مرۆڤایەتی و قۆناخە جیاجیاکانیدا، وەک رەوتێکی هاوتەریبی فەلسەفەی دۆگمایی، لە هەمانکاتدا یەکتربڕی، نابینرێت، وەلێ لە دوا ئاکامدا وەک رەوتێکی باریکتر و کاڵتر خۆی نیشان دەدات. ئەگەرنا دینامیزمی پێشکەوتنی هزر و ژیان تێکدەشکا و رادەوەستا، ئەوەی پێی دەگووترێت؛ ژیار و مێژووش لە شوێنی خۆی پێکوتێ"مراوحة"ی دەکرد.

لە تەواوی ژیار و مێژووی مرۆڤایەتیدا؛ فەلسەفەی دۆگمایی کۆتگیرکردنەکان "تقیدات"ی بە بنەما گرتووە و لە هەوڵی چەسپاندن و سەپاندنی دابووە، بەڵام فەلسەفەی دژە دۆگمایی بە پێچەوانەوە پێهەڵگرتنەکان "انطلاقات"ی بەبنەما گرتووە و رێی لەبەردەم چەسپاندنی کردۆتەوە. لێرەدا چەمکی پیرۆزکردن "پیرۆزگەرایی" و تابۆ و رەهاگەرایی، وەک چەند ئامرازێکی دۆگماییانە، لەبەرامبەر چەمکی سروشتخوازی و تێپەڕاندن و رێژەگەرایی دژە دۆگماییانەی خۆی قوتکردۆتەوە و رێگیری لەبەردەمدا کردووە. ئیدی رەوتە پێهەڵگیرییەکان و رەوتە کۆتگیرییەکان بەیەکدا هەڵشاخاون و بەرەنگاری یەکدی بوونەتەوە، ئەمەش بە واتایەک لە واتاکان دینامیزمی بەرێوەچوونی مێژوو و ژیاری مرۆڤایەتی بەیەکداخشان و هەڵشاخان و بەرەنگار بوونەوەی هەردوو ئەو رەوتەیە، بەڵام نەک لە بازنەیەکی داخراو و دووپاتکەرەوەدا، بەڵکو هەم بە ئاسۆیی و هەم بە ستوونی بەردەوامیان بە ژیار و مێژووی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی داوە.

ئیدی لەم بەردەوامبوونەدا؛ ململانێ و ناکۆکییەکی قووڵ و دژوار لەنێوانیاندا لەئارا دابووە و ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەردەوامە. وەلێ گرنگ ئەوەیە؛ داخوا کامە رەوت پاسیڤ و بێ کاریگەر بووە و کامەشیان بە کاریگەرترە؟ کامە رەوت دۆگمایی یاخود دژە دۆگمایی بەرەو کاڵبوونەوە و باریکبوون دەچێت؟.

لە ژمارە ()ی رێکەوتی ..... لە لاپەڕە ()دا بڵاوکراوەتەوە.

**/*/*/**

# دۆگماتیزمی شارستانییەت

ئەمڕۆ خۆرهەڵاتی ناوین ناوەندی دۆگماتیزمی شارستانییە لە جیهاندا. ئەوەش ئەم هەرێمەی کۆتگیر و دەستەپاچە کردووە. ئەمە ئەو دۆگماتیزمەیە کە هەزاران ساڵە بەسەریدا زاڵبووە. دۆگماتیزم ئەقڵییەتێکە بنەما هزرییەکەی لەسەر "یان رەش یان سپی" و "یان رەتکردنەوەی رەها یان پەسەندکردنی رەها" و "خۆناوەندیتن – ناوەندگەرایی - سەنترالیزم" بەڕێوەدەچێت و پشت بە غەیبانییەت و ئایدیالیستی دەبەستێ. بەهۆی دۆگماتیزمەوە خۆرهەڵاتی ناوین لە دەرەوەی خۆی هیچ کولتوور و ناسنامەیەکی دیکە بە شێوەیەکی رەها پەسند ناکات و خۆی سپی و ناوەند دەبینێ و دەرەوەی خۆیشی بە رەش و کەنار دەبینێ و هیچ رەنگێکی دیکە و ناوەندێکی دیکەش نابینێ. ئەم بنەما هزرییەی ئەقڵییەتی دۆگماییانەی خۆرهەڵاتی ناوین نەیهێشتووە و ناهێڵێ هیچ قەڵەمبازێك، تەنانەت هەنگاوێکی بچووکیش بهاوێژێ. ئیدی دۆگماییبون (چەقبەستبوون) کۆمەڵگەکانی دووچاری گەندەڵیبوون و داڕووخان کردووە. لە هەمانکاتدا بە قەدەری خۆی رازییە و ئامادەش نییە هیچ پێکداخشانێك (بەریەککەوتنێك)ی پۆزەتیڤانە لەگەڵ دەرەوەی خۆیشی بکات.

بەم ئەقڵییەتەوە مسۆگەر خۆرهەڵاتی ناوین لە ململانێی شارستانییەتەکاندا دەدۆڕێنێ. بەمەش ئەو ناهاوسەنگییەی نێوان شارستانییەتەکان، بەتایبەتی لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا زێدەتر دەبێت و مەسافە و بۆشایی نێوانیشیان بەهەمان شێوە فراوانتر دەبێت، کە لە ئاکامدا جگە لە تراژیدیای مەزن بۆ مرۆڤایەتی هیچی دیکەی لێوە بەرهەم نایەت. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر شارستانییەتی خۆرئاوا ئیدی ئاراستەیەکی راستڕەوانەی لە " زەمینەی شارستانی دیموکراتی" وەرگرتووە، ئەوا پێویست دەکات شارستانییەتی خۆرهەڵات ئاراستەیەکی چەپڕەوانە لە "زەمینەی شارستانی دیموکراتی" بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکی شارستانییەت لە جیهاندا بێتە کایەوە. بەڵام ئەو دۆخەی ئەمڕۆ خۆرهەڵاتی ناوینی تێدایە ناهێڵێ ئەو ئاراستەیە وەربگرێ. چونکە دۆگماتیزم لە پەلوپۆی خستووە و بە ڕووی جیهاندا دەرگا و پەنجەرەکانی داخستووە و دینامیزمی ناوخۆیی تێکشکاندووە و هەر دەستێوەردانێکی دەرەکیش رەتدەکاتەوە.

راستە خۆرهەڵاتی ناوین لە قەڵەمبازە میتۆلۆژیایی و ئایینییەکانەوە، کە لە دوای قۆناخی نیۆلۆتیکەوە دەستیپێکرد، پێگە هزری و فەلسەفی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی شارستانییەتی چینایەتی دامەزراند و تا ئەمڕۆش مرۆڤایەتی چەمکە بنەڕەتییەکانی ئایین و دەوڵەت و یاسا و..هتد لێوە هەڵدەهێنجێت. بەڵام هەر ئەو قەڵەمبازانەش بووە ئەقڵییەتی دۆگماتیزمانەشی بەسەردا سەپاندووە و گیرۆدەی کردووە. چونکە دواتر قەڵەمبازی دیکەی ئەنجام نەدا. قەڵەمبازەکانی دەرەوەی خۆیشی – لەسەرووی هەمووشیانەوە شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژیا و گەیاندن – بەشێوەیەکی رەها رەتدەکاتەوە، یاخود خواستوویەتی لاسایی بکاتەوە و کوێرانە شوێن پێی هەڵگرێ، کە لە ئاکامدا لەمەشدا شکستی ژیاریی مەزنی دووچار بووە.

مسۆگەر پەرەسەندن و پەلهاویشتنی بزاڤە ئوسوڵگەراییە توندڕەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوین کاردانەوەیەکی ئەم شکستەیە، کە ئەمڕۆ هەم خودی خۆی و هەمیش تەواوی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی خستۆتە بەر هەڕەشەی

پێکدادانێکی خوێناوی و تراژیدیانەی نێوان شارستانییەتەکان. هەڵبەتە ئەقڵییەتی سەنترالیزمی و ئاراستەگیربوونی راسترەوانەی شارستانییەتی خۆرئاوا و هەڵوێستی پەراوێزکردن و نکۆڵیکارانەی شارستانییەتی خۆرئاوا لەبەرامبەر بە شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوین و ئەو شاڵاوە کولتوورییانەی لەبەرامبەر خۆرهەڵاتی ناوین بەرێوەی بردووە، هۆکارێکی سەرەکی دیکەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی بزاڤە ئوسوڵگەراییە توندڕەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوینە. بەڵام بەر لەو حاڵەتانەش ئەقڵییەتی دۆگماتیزمانەی شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوین لەنێو خودی کۆمەڵگەکانی خۆیشیدا لە میانەی دەوڵەت و دەسەڵاتە رەهاکانییەوە، بە هەمان لۆژیکی ئوسوڵگەرایی و زەبروزەنگەوە تاك و کۆمەڵگەکانی خۆی داپڵۆسیوە و چەپاندووە. بەمەش هەر خۆی دینامیزمی ناوخۆیی تێکشاندووە و هێزی خۆیی خۆی پەرشوبڵاو کردووە و بە فیڕۆی داوە. ئیدی کە پێکداخشانی نێگەتیڤانەی لەگەڵ خۆرئاواش پەرەدەسێنێ، بەتایبەتی لە قۆناخی داگیرکاری بەدواوە، ئەو بزاڤە بەم ئەقڵییەت و لۆژیکەیەوە رەهەندێکی جیهانی بە خۆی دەدات و خۆی کردۆتە ناوەندی سەرجەم کێشە و ململانێیە ژیاری و هزری و کولتووری و سیاسییەکانی جیهان.

لەم حاڵەتەدا؛ خۆرهەڵاتی ناوین لە دووریانێك دایە: یان پێداگری لەسەر ئەقڵییەتی دۆگماتیزمی خۆی دەکات، کە لە ئاکامدا خۆی و هەموو مرۆڤایەتی رووبەڕووی هەڕەشەی لێکەوتنەوەی تراژیدیای مەزن دەکاتەوە، کە جگە لە شکستی ژیاریی خودی خۆی و پێکدادانی شارستانیی شارستانییەتەکان هیچی دیکەی لێوە بەرهەم نایەت. یان رێگەی دووەم دەکاتە بژاری خۆی کە دەستبەرداری لە ئەقڵییەتی دۆگماتیزم و غەیبانییەت و شەمانیزمی خۆی دەبێت و قەڵەمبازێکی ژیاریی و شارستانیی مەزن دەهاوێژێ و خۆی و هەموو مرۆڤایەتی لەو ناهاوسەنگی و ململانێیە خوێناوییە رزگار دەکات. مسۆگەر رێگەی ئەو قەڵەمبازەش لە میانەی ئەنجامدان و بەرپاکردنی شۆڕشێکی زیهنی – ویژدانی دێتە کایەوە. ئەم شۆڕشەش سێ ستووند و پێچکەی خۆی هەیە کە "رێنیسانس – رۆشنگەری – ریفۆرم"ن.

لە ژمارە()ی رێکەوتی  دا لەلاپەڕە ()دا بڵاوکراوەتەوە.

/*/*/*/

## قەیرانی شارستانییەت

ئەگەر ئەمڕۆ لە ئاستی جیهاندا، لەمیانەی پێکداخشان (بەریەککەوتن - احتكاك)ی خۆرئاوا – خۆرهەڵاتدا، هەروەها بەهۆی خۆناوەند دیتن (سەنترالیزم) و ئاراستەگیر بوونی راسترەوانەی شارستانییەتی دیموکراتیانەی خۆرئاواوە قەیرانێکی گشتگیری هێناوەتە ئاراوە و بوارە ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی تاك و کۆمەڵگەی خۆرئاوای تەنیوەتەوە، ئەوا بێگومان لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناوینیشدا لەمیانەی هەمان پێکداخشاندا و بەهۆی چەقبەستوویی و زاڵبوونی هزری دۆگمایی و غەیبانییەت و

شەماتییەوە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوین لە قووڵترین قەیرانی گشتگیرانەی هزریدا دەژین و تەواوی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و بەناخیدا رۆچووە. هەڵبەتە بەئەنقەست ئاماژەم بە تاك لە خۆرهەڵاتی ناوین، وەك ئەوەی خۆرئاوا نەدا، چونكە هەبوونی تاك لەڕووی ناسنامە و پێكهاتەی كەسێتی و ماف و ئازادییەكانی هێشتا لەم هەرێمەدا نەبۆتە رۆژەڤی سەرەکی و بنچینەیی. بە پێچەوانەی خۆرئاوا کە تاك خۆی تا رادەیەکی زۆریش تەوەرە و کۆمەڵگە و دەوڵەتی گەیاندۆتە ئاستی پەراوێزبوونەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ رەوتی ئەو قەیرانەی هەم لە ئاستی جیهان و هەمیش لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناویندا خێراتر کردووە و رەهەندی جۆراوجۆری پێداوە ئەو پێشکەوتنە بێ سنوور و مەودا فراوانەی زانست و تەکنۆلۆژیایە، کە دەکرێ بە وەرچەرخان و شۆڕشێكی گشتگیر پێناس بكەین. تەنانەت ئەگەر جیهانگیری بە بەرهەمی ئەو وەرچەرخان و شۆرشە گشتگیرییە ببینین و لەهەمان کاتدا وەك پێداویستییەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەڵیسەنگێنین، ئەوا مسۆگەر دەرئەنجامێكی روونی ئەو قەیرانە قووڵەیە کە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی لە ئاستی جودادا تەنیوەتەوە.

چونکە شارستانییەتی خۆرئاوایی بەو خۆناوەند دیتنەی و ئاراستە راسترەوانەی خۆیەوە و لەمیانەی ئەو پێکداخشاندنە ناهاوسەنگانەی لەگەڵ خۆرهەڵاتدا دەیکات، هەم بۆ خودی خۆی و هەمیش بۆ تەواوی جیهان قەیرانی ئافراندووە. لە هەمان کاتدا شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوینیش چەقبەستوویی و دۆگمابوون و هزری غەیبانییەت و شەماتیزم لە پەلوپۆی خستووە و کۆتگیری کردووە و رێگەی کرانەوە و وەرچەرخانی پێنادات. ئیدی کرۆکی قەیرانەکەش بۆ خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیش لێرەوە سەرچاوە دەگرن.

لە راستیدا؛ ئەگەر قەیرانەکانی خۆرئاوا ئاماژە بێت بۆ پیربوونی شارستانییەتەکەی و پێداگری لەسەر سەنترالێتی خۆی دەکات و ئاراستەیەکی راسترەوانەی وەرگرتووە و دەیەوێت بەو هورژم و شاڵاوانەی بۆ دونیای دەرەوەی خۆی – بەتایبەتی دونیای خۆرهەڵاتی ناوین – دەیکات ئەوا لە بنچینەدا بۆ ئەوەیە لەو تەنگەژە و قەیرانانەی خۆی رزگاری ببێت، کە ناچارێتی جیهانگیری بەسەریدا سەپاندووە و ناتوانێ دەستبەرداری لە هورژم و شاڵاوەکانی خۆی بکات. بەهەمان پێودانگەوە؛ قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوینیش ئاماژەن بۆ لە پەلوپۆ کەوتن و کۆتگیربوونی شارستانییەتەکەی و پێداگریشی لەسەر چەقبەستوویی و نەکرانەوەی بەڕووی جیهانی دەرەوەی خۆی – بەتایبەتی جیهانی خۆرئاوا – و بەرەنگاربوونەوە بە زەبروزەنگ و تیرۆر و توندوتیژی، لەبنەمادا لە بێچارەیی و گەندەڵبوون و بنبەستبوونی گشتگیرانەی خۆیەوە دێت و هەرگیز فێری ئەوەش نەبووە لە دەرەوەی خۆی کەسی دیکە پەسەند بکات. چونکە هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا سەدەی پازدەش خۆی سەنتەری دونیا بووە و سەرچاوەی رۆحی و هزری و ماددی و مەعنەوی جیهان بووە و یەکەم شارستانییەت لە ئامێزی ئەودا گۆش بووە.

ئیدی ئەمڕۆ پێداگرییەکانی هەردوو شارستانییەت بەهانای هەردوو شارستانییەت نایەت و مسۆگەر دەبێت هاوسەنگی شارستانی بێتە کایەوە، ئەویش بە لە دایکبوونی شارستانییەتی دیموکراتی لە خۆرهەڵاتی ناویندا دێتەدی، وەك لایەنی چەپڕەوانەی شارستانییەتی دیموکراتی، کە لە خۆرئاوادا لایەنە راستڕەوەکەی لە قۆناخی پیربوون دایە.

له ژماره()ی رێکەوتی  دا لەلاپەڕە ()دا بڵاوکراوەتەوە.

//*/*/*/*/*

## سێ تەوەرەی قەیرانی شارستانییەت

ئەگەر ئەمڕۆ شارستانییەتەکان - بە خۆرهەڵات و خۆرئاوایشەوە - لە قووڵترین قەیراندا دەژین، یان پیربوونە یاخود بە دەست چەقبەستوویی و کۆتگیرییەوە دەناڵێنن؛ ئەوا قەیرانی هزری یەکێکە لە سیما و ڕەنگدانەوەکانی ئەو قەیرانە شارستانییەتەی کە ئەمڕۆ لە ئاستی بنبەستبووندا گینگڵ دەخوات. لە ڕاستیدا ئەوەی شارستانییەتەکانی بەرەو قەیران ئاراستەگیر کردووە چەقبەستوویی و دۆگما و غەیبانیەت و سەنترالیزم و ڕاستڕەوێتی هزرە لە نێو ئەو شارستانییەتانەدا. چونکە لە ئاکامدا هزر لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا شارستانییەت دەئافرێنن. کە هزر لە قەیران دابێت ئەوا مسۆگەر شارستانییەتیش لە قەیراندا دەبێت. بۆیە قەیرانی شارستانییەت و قەیرانی هزری دوو ڕووی یەک ڕاستینەن و ناتوانین لەیەکتریان جیاکەینەوە.

بۆ ئەوەی وردتر ببینەوە دەکرێ خۆرهەڵاتی ناوین بە نموونە بهێنمەوە؛ لە ڕەوشی ئێستادا قەیرانی هزری و شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوین لە سێ تەوەرەدا دەستنیشان دەکەم "ڕەسەنایەتی، لاسایی، نوێبوونەوە"ن بێگومان خۆرهەڵاتی ناوین لانکەی دەرکەوتنی شارستانییەتی یەکەم و دووەمە (واتە: شارستانییەتی نیۆلۆتیک و شارستانییەتی چینایەتی کە لە سۆمەریەکان بەدواوە دەستپێدەکات) لە پێش مێژوو و سەرەتای مێژووەوە تا سەدەی پازدە هەر خۆی سەرکێشی ڕەسەنایەتی شارستانی کردووە و خۆی ناوەند و سەرچاوە بووە. بەڵام لەو مێژووە بە دواوە ئیدی تاهاتووە ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەستداوە و کەوتۆتە پەراوێزی شارستانیەتەکانەوە. نەیتوانیوە دەستبەرداری ڕەسەنایەتی شارستانییەتی خۆی بێت و پێکداخشان (بەریەککەوتن)ێکی پۆزەتیفانەشی لەگەڵ شارستانییەتەکانی دیکەدا نەکردووە یان لاسایی کردنەوە یان ڕەتکردنەوەی ڕەهای شارستانییەتەکانی دیکەی لەبەردەم دابووە. هەروەها دۆگما و چەقبەستبوویی و غەیبانییەتی هزریش نەیهێشتووە خۆی نوێبکاتەوە. بۆیە ئێستا تەنیا ڕەسەنایەتی شارستانییەتەکەی دادی نادات و ناشتوانێ تەنیا بە گەڕانەوەی بۆ ڕەسەنایەتییەکەی خۆی، بەبێ خۆ نوێکردنەوە و بەریەککەوتنی پۆزەتیفانە لەگەڵ شارستانییەتەکانی دیکە ـ بە تایبەت شارستانییەتی خۆرئاوا ـ لەو چەقبەستوویی و لە پەلوپۆکەوتوویەی خۆی ڕزگار ببێت.

خۆرهەڵاتی ناوین لە سەدەی نۆزدە و بیستدا هەوڵیدا لە میانەی ((لاساییکردنەوە و کۆپیکردن)) ی شارستانییەتی خۆرئاوا و بەخۆدابڕاندن لە رەگ ((ڕەسەنایەتی))ی خۆی لە چەقبەسوویی و پەلوپۆکەوتوویی ڕزگار بکات. بەڵام دوای 200 ساڵ ئەمڕۆ گۆڕانێکی گەوهەری لە هزر و شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوین ڕووینەدا. ئەوەی ڕوویداوە بەریەککەوتنێکی نێگەتیفانە بووە. دوای ئەوەی دوو سەدە لە لاسایی کردنەوە و

کۆپی کردنی خۆرئاوا، که پەسندکردنێکی رەها بوو و هیچ داهێنان و نوێبونەوەیەکی گەوهەری و ریشەیی لێنەکەوتەوە، ئەمڕۆ شانبەشانی پێداگری و بەردەوامی لە لاسایی کردنەوە و کۆپیکردن، رەتکردنەوەیەکی رەهای خۆرئاوا و شارستانییەتەکەی وەک رەوتێک کە ((فەندەمەنتالیزم ـ ئوسوڵگەرایی)) چەقی ئەو رەوتەیە، لەنێو کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات لە پەرەسەندن دایە.

ئیدی ئەو تابلۆیەی دەیبینین دوو رەوت تێیدا دەبزوێ: لەلایەک لە ژێر ناوی نوێبوونەوە، خۆی لە رەسەنایەتی شارستانییەتی خۆی دەپچڕێنێ و نەفرەت لە رەسەنایەتی خۆی دەکات و بە میکانیزمی لاساییکردنەوە و کۆپیکردن دەیەوێ نوێ ببێتەوە و لە پێشکەوتووترین شارستانییەت بچێ. بۆ ئەمەش لە میانەی پرۆسەی خۆرئاوایی بوونەوە نکۆڵی لە خۆی دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە رەوتێکی دیکە لە بزاوتن دایە؛ کە لە ژێر ناوی پەیوەستبوون بە رەسەنایەتییەوە هەر پێکداخشانێکی پۆزەتیفانە لەگەڵ شارستانییەتەکانی دیکە بە شێوەیەکی رەها رەتدەکاتەوە و پێداگری لەسەر دۆگمایی و چەقبەستوویی و غەیبانییەتی خۆی دەکات و نایەوێ لە قاوغی بەستەڵەکیانەی خۆی دەربچێ. ئەم رەوتە وەک کاردانەوەیەکی نێگەتیفانەی رەوتی خۆرئاوایی بوون ئاقاری ئووسوڵگەرایی گرتووە و دەستبەرداری لێناکات.

تابلۆیەکی بەمجۆرە ئاماژەیەکی رەوانە بۆ قەیرانی شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەمەش بە روونی رەنگدانەوەی خۆی لەسەر هزر و تەنانەت لەسەر کولتوور و بوارەکانی دیکە دیارە. بەڵام هەر هزری دۆگمایی و غەیبانییەتیشە شارسشتانییەتی خۆرهەڵاتی ناوینی بەرەو قەیران ئاراستەگیر کردووە، بۆیە لەو باوەڕەدام، کە بەبێ گۆڕینی ئەو هزرە، کە ئەقڵییەتی دۆگمایی و غەیبانییەت بەرهەمەکەیەتی، هەرگیز ناکرێت باس لە دەرباز بوون لەو قەیرانە گشتگیر و سەرتاپایە بکرێت لە خۆرهەڵاتی ناویندا، مسۆگەر ئەم دەربازبوونەش سێ پێچکە و ستوونی خۆی هەیە کە (رێنیسانس ـ رۆشنگەری ـ ریفۆرم)ن. ئەم سێ پێچکە و ستووندەش گەوهەری میتۆد و بەرنامەی ئاراستەگرتنە بەرەو بونیادنانی شارستانییەتی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناویندا.

لە ژمارە (1)ی رێکەوتی 4.7.2004 دا لە لاپەڕە (5)دا بڵاوکراوەتەوە.

/*/*/*/

## رێنیسانس، رۆشنگەری، ریفۆرم

ئەگەر باوەڕ بەوە دەکەین کە؛ قەیرانێکی شارستانی گشتگیر لە ئاستی فەلسەفی و هزری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ...هتد لە جیهاندا بە تایبەتی لە خۆرئاوا و خۆرهەڵات لە ئاست و رەهەندی جیاوازدا لە ئارادایە، ئەوا دەبێت لەوەش دڵنیابین کە بەبێ پێهەڵگرتن و قەڵەمبازێکی مێژوویی هەرگیز ناکرێ لەو قەیرانە دەرباز ببین. هەڵبەتە پێهەڵگرتن و قەڵەمبازێکی بەمجۆرەش لە رێگەی رێنیسانس و رۆشنگەری و ریفۆرمەوە دێتەدی. ئەمانەش وەك سێ پرۆسەی لەیەك جیاواز و لەهەمان کاتدا بەیەکەوە پەیوەست و ئاوێتەدار پێویستیان بە تێزێکی روون و بابەتیانە و بوێرانە هەیە. لەم رووەوە دەکرێ زیاتر قسە لەسەر ئەو

قەیرانە لە خۆرهەڵاتی ناوین بکەین؛ ئەو پێهەڵگرتنەی باسی لێوەدەکەین لە گەوهەردا شۆڕشێکی زیهنیەت و ویژدانە کە لە ڕێگەی پرۆسەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و ریفۆرمییەکان دێتەدی. چونکە قەیرانی شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناویندا لە بنەڕەتدا قەیران و بنبەستبوونی زیهنی و ویژدانییە و هەموو قەیرانەکانی دیکەش هەر لەم دوو تەوەرەی شارستانییەتەوە سەرچاوەیان گرتووە. نەك مەسەلە تەکنیکی و ماددییەکان، وەك لە رووکەشدا دەبینرێت. لە راستیدا ئەم هەرێمە هەموو پێهەڵگرتن و قەڵەمبازەکانی لە بنەمادا زیهنی و ویژدانی بوون و لایەنە مەعنەوی و رۆحییەکانی بەسەردا زاڵ بووە. نەك لایەنە ماددی و تەکنیکییەکان. هەر لە ئافراندنی سیستەمی میتۆلۆژی خواوەندەکانی سۆمەرییەوە بگرە تا دەگاتە قەڵەمبازە ئایینی و مەزهەبی و بزاڤە باوەڕمەندییە باتینییەکان (الباطنية) هەر هەموویان مۆرکێکی زیهنی و ویژدانی بەرچاویان پێوە دیاربووە. تەنانەت شارستانییەتەکەشی لە هەموو قۆناخە مێژووییەکانی خۆیدا هەمان مۆرك و هەمان ئاراستە و ڕەهەندی وەرگرتووە.

بۆیە با لەوە سەرسام نەبین کە گەوهەری قەیرانی شارستانییەت لەم هەرێمەدا لە بنەڕەتدا قەیرانێکی زیهنی و ویژدانی بێت و خاوەن دەرهاویشتەی مۆراڵی و سۆزداری و مەسەلە ناواخنییەکانی رۆح و مەعنەویات بن. لەم روانگەیەوە؛ هەر پێهەڵگرتن و قەڵەمبازێك ئەگەر لە پێناو دەربازکردنی قەیرانە گشتگیرییەکە بێت لەم هەرێمەدا مسۆگەر دەبێت ئەو راستیانەی ئاماژەم پێدان بەهەند وەربگیرێن. ئەگەرنا ئاکامی نوشستی دەبێت. هەڵبەتە کە بەمشێوەیە باس لە کرۆکی شۆڕشی زیهنی و ویژدانی دەکەین و سێ پێچکە و ستووندەکەی (ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و ریفۆرم)ی لەسەر ئەو بنەمایانە دەستنیشان دەکەین، ئەوا بەو واتایە نایەت ئەم هەرێمە بگەڕێتەوە سەر بنچینە زیهنییەکانی خۆی کە دۆگماتیزم و غەیبانییەت و سەنتراڵیزم و شەمانیزم و میتۆلۆژیایە، یاخود تەنیا شێوەیەکی جوداتر و مۆدێرنانەتر بەو بنچینانە بداتەوە و واتێبگات شۆڕشی زیهنی و ویژدانی ئەنجام داوە، بە پێچەوانەوە لە بنەڕەتدا ئەو شۆڕشە بۆ ئەوەیە کەوا لەو بنچینە زیهنییانەی خۆی رزگاری ببێت و بنچینەی دیکەی زانستی و بابەتیانە و پۆزەتیڤانە بئافرێنێ. لەهەمان کاتیشدا پەنا وەبەر لاساییکردنەوەی ئەو جۆرە پێهەڵگرتن و قەڵەمبازانەی شارستانییەتەکانی دەرەوەی خۆی نەبات. چونکە ئەم جۆرە ڕێگایانە قەیرانەکان قووڵتر دەکەنەوە، نەك لێیەوەی رزگار ببێت.

لەم چوارچێوەیەدا؛ دەتوانێ سوود لە ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و ریفۆرمی شوێنەکانی دیکە لە مێژوودا وەربگرێت و سەر لە نوێ لێکدانەوەی بۆ بکات و دەرئەنجامی زانستیانەی لێوەربگرێت. مسۆگەر ناتوانێ ڕێك لاسایی بکاتەوە. بۆ نموونە؛ پرۆسەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و ریفۆرم کە لە ماوەی چوار سەدە لە ئەوروپا ئەنجامگیر بوو، ناتوانرێ هەمان ئەو پرۆسانە، کە لەڕووی کات و شوێن و رووداودا لەگەڵ راستینەی خۆرهەڵاتی ناوین جودان، بەهەمان ناوەرۆك و شێوەیانەوە ئەنجام بدرێنەوە. چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا لاساییکردنەوە مەحکومی ژێرکەوتنە. بە لایەنی کەمەوە ئافراندن و نوێبوونەوەی گەوهەری لەخۆوە ناگرێت.

کەواتە؛ لە پرۆسەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و ریفۆرمی خۆرهەڵاتی ناویندا چەمکەکانی "ئایین، دەوڵەت، عەلمانیەت، مۆدێرنیزم، تاك، کۆمەڵگە، نەتەوە و ... هتد" پێناس و ماهییەت و فۆرمی جودا لە خۆوە دەگرن.

تەنانەت خودی " ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و ریفۆرم"یش هەمان پێناس و ماهیەت و فۆرمی ئەوروپایی نییە و لە ئەوەی ئەوروپا زۆر جوداترە.

لە ژمارە (4)ی 23.7.2004 لە لاپەڕە (5)دا بڵاوکراوەتەوە.

*/*/*/

## تێز، دژە تێز، کۆتێز

سێینەی "تێز، دژەتێز، کۆتێز – الطرح، الطرح المضاد، التركيبة" تەوەرێکی سەرەکی میتۆدی هزری شارستانیی دیموکراتییە، لەم تەوەرەدا پەیوەندی نێوان شارستانییەتەکان و کولتوورەکان و تەواوی پێکهاتە ژیانییەکان تاوتوێ و دەستنیشان دەکات. هەڵبەتە ئەم تەوەرە میتۆدییە ڕێك ڕێسای دیالیکتیکی "لابەری لابەر – نفي النفي" نییە، بەڵام ئەم ڕێسایەش لەخۆوە دەگرێت. چونکە کاتێك پەیوەندی نێوان هەر سێ کۆڵەگەکەی ئەو تەوەرە دەبینین، ئەوا هەر تەنیا لەسەر بنەمای یەکدی ڕەتکردنەوە و لابردن نییە، ئەگەر وا بووایە ئەوا لە ئاکامدا "کۆتێز" نەدەهاتە کایەوە. بۆیە دەکرێت بەم شێوەیە چوارچێوەی ئەم تەوەرە سێینەیە بخەینەڕوو کە: "تێز"ێك هەیە ئەوا "دژەتێز"ی خۆیشی دەئافرێنێ، لە ئاکامی پێکداخشان (بەریەککەوتن)ی نێوان هەردووکیاندا "تێز و دژەتێزەکە" ئەوا "کۆتێز" دێتە ئاراوە، یاخو بڵێین دەئافرێت. ئیدی ئەم پێکداخشانە پۆزەتیڤ بێت یاخود نێگەتیڤ، لە ئاکامدا بە گوێرەی سروشتی پێکداخشانەکە "کۆتێز" دەخوڵقێ. ئەگەر پێکداخشانەکەی نێوان "تێز" و "دژەتێز"دا پۆزەتیڤ بوو ئەوا پێکهاتەی "کۆتێز"ەکەی پۆزەتیڤانە دەبێت. بۆ بارە نێگەتیڤەکەیشی بەهەمان شێوە. بەڵام دەکرێ ئەوەی کە پێشتر "تێز" بووە، دوای زەمەنێکی دیکە و بەهۆی کۆمەڵێك ڕووداو و دەربازبوونی چەندین قۆناخ ببێتە "دژەتێز"ی ئەو "دژەتێز"ەی کە خۆی ئافراندبووی. ئەمە لە کاتێکدا هەمان "دژەتێز"ی کۆن بەهەمان ئەو هۆکارانەوە بۆتە "تێز". وەلێ "کۆتێز" لە ئەنجامی پێکداخشانی پۆزەتیڤانە یان نێگەتیڤانە یاخود هەردووکیان بەیەکەوە دێتە ئاراوە.

ئەگەر لە ئاستی شارستانییەتەکان تاووتوێی ئەم تەوەرەیە بکەین ئەوا دەتوانین بەمشێوەیە نموونەگیری بکەن: شارستانییەتی خۆرهەڵات – بەتایبەتی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا – تێزی یەکەمی هەموو شارستانییەتەکان بووە. چونکە شارستانییەت لەم هەرێمەدا وا سەریهەڵداوە و چەکەرەی کردووە و شێوەی یەکەم و دووەمی خۆی وەرگرتووە، کە شارستانییەتی (ژیاری) نیۆلۆتیك و شارستانییەتی چینایەتییە. بەڵام شارستانییەتی خۆرئاوا لە گریکی و هێلینییەکان بە دواوە، لە میانەی پێکداخشانە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانەوە، وەك دژەتێزێك سەریهەڵدا. دوای ئەوەی شارستانییەتی خۆرهەڵات بە تایبەتی لە رووخانی خەلافەتی عەباسییەوە بە دواوە هێدی هێدی لەڕووی بەخشش و داهێنانەوە بەرەو لاوازی و چکبوون چوو. لە گەوهەری چەپڕەوێتی شارستانیی خۆی و ناوەندێتی خۆی دوورکەوتەوە و تاهاتووە بەرەو ڕاستڕەوێتی و کەنارگیری چووە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە قاوغ و تێزبوونی خۆی دەرچووە. بەڵام شارستانییەتی خۆرئاوا لە دوای پێکداخشانە ڕاستەوخۆ

و ناڕاستەوخۆکانەوە قاوغ و پێگەیەکی دژە تێزانەی بەخۆی دا و ئاراستەیەکی چەپڕەوانە و ناوەندخوازانەی وەرگرت. ئیدی گەیشتە ئەو ئاستەی خۆی بگەیەنێتە ئاستی تێزێکی شارستانیی و لە باری دژەتێزانەدا نەمێنێتەوە.

بەڵام شارستانییەتی خۆرئاوا ئەمڕۆ بەرەو قۆناخی پیربوون دەچێت، یاخود ڕاستتر بڵێین؛ لە قۆناخی پیربوون دایە. ئیدی خەریکە قاوغ و پێگەی تێزبوون لە دەست دەدات و ئاراستەیەکی ڕاستڕەوانەی شارستانییەتی وەرگرتووە. هەڵبەتە بەبێ لە دایکبوونی دژەتێزی تێزەکەی خۆرئاوا ناکرێت باس لە کۆتێزێك بکرێت. لەم ڕووەوە شارستانییەتی خۆرهەڵاتی ناوین پاڵێوراوی سەرەکییە تاکو ببێتە دژەتێز بۆ پێگەی تێزبوونی شارستانییەتی خۆرئاوا. چونکە لە هیچ هەرێمێکی دیکەدا هیچ شارستانییەتێکی دیکە ئامادەیی ئەوەی نییە ببێتە دژەتێزێکی خۆرئاوا، خۆرهەڵات نەبێت. بێگومان بوون و نەبوونی شارستانییەتێك بە دژەتێز کۆمەڵێك هۆکار و هەلومەرجی مێژوویی و هەنووکەیی خۆی هەیە.

واتە؛ ئەگەر ئەمڕۆ شارستانییەتی خۆرئاوا ئاراستەیەکی ڕاستڕەوانەی وەرگرتووە و بۆتە تێزێکی شارستانیی، ئەوا دەبێت خۆرهەڵاتیش ئاراستەیەکی چەپڕەوانەی شارستانی بگرێتەبەر و ببێتە دژەتێز. ئەو کاتە لە میانەی پێکداخشان (بەریەککەوتن)ی نێوانیان کۆتگیری شارستانییەت دێتە ئاراوە و هاوسەنگییەك دەئافرێت. لە گەوهەردا (شارستانییەتی دیموکراتی) وەك قۆناخێکی شارستانییەت بۆ خوڵقاندنی ئەو هاوسەنگییە شارستانییەتەیە کە خۆرهەڵات لە میانەی پرۆسە ڕێنیسانسی و ڕۆشنگەریی و ریفۆرمییەکانییەوە و گەیشتنی بە ئاستی (دژەتێز)ێکی شارستانیی، دێتە کایەوە. لە ئاکامی پێکداخشانی نێوان هەردوو شارستانییەتدا چ نێگەتیف بێت یان پۆزەتیف یاخود بەیەکەوە، شارستانییەتێکی کۆتێزی دەئافرێت یان بڵێین؛ کۆتێزی شارستانییەتەکان دێتە ئاراوە.

لە ژمارە()ی ڕێکەوتی  دا لەلاپەڕە ()دا بڵاوکراوەتەوە.

**/*/*/**

# ونبوونی تاك... مێگەلبوونی کۆمەڵگە

ئەگەر خۆمان لەوە یەکلایی کردبێتەوە کە خۆرهەڵاتی ناوین بەبێ پرۆسەیەکی گشتگیرانەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و ریفۆرم ئەستەمە لە قەیرانە قووڵ و گشتگیرانەکەی ڕزگاری ببێت، ئەوا مسۆگەر گرفتی تاك بە هەموو ڕەهەند و ئیشکالییەتەکانییەوە تەوەرێکی سەرەکی ئەو پرۆسەیە دەبێت. بەبێ شیتەڵکردن و لێکدانەوەی گرفتی تاك قسەکردن لەسەر هەر گۆڕانێك و وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و...هتد سەفسەتە و پووچگەرایییە. چونکە ناهاوسەنگییەکی سەرسووڕهێنەر لە نێوان "تاك و کۆمەڵگە" و " تاك

دەوڵەت" و "تاك و تاك – ژن و پیاو"دا بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆ دەبینرێت. لە بنەڕەتدا خاڵی پێهەڵگرتنی شۆڕشی " زیهنی – ویژدانی" لە گرفتی تاك سەرچاوە دەگرێت. هەڵبەتە پێهەڵگرتنێکی بەمجۆرە دەتوانێ دەروازە لەبەردەم سەردەمێکی زێڕینی گۆڕان و وەرچەرخانی ریشەیی بکاتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە گرفتی تاك لەگەڵ دەستپێکردنی گرفتی نێوان " سرووشت – کۆمەڵگە – دەوڵەت"دا سەریهەڵداوە. لە بنچینەدا گرفتی تاك لە گەوهەری ناهاوسەنگییەکانی نێوانیاندا شاردراوەتەوە. لە میانەی بەردەوام قووڵبوونەوەی ناهاوسەنگی و گرفتەکانی نێوان " سرووشت – کۆمەڵگە – دەوڵەت"دا تاك ونبوو. لەو ونبوونەشدا کۆمەڵگە بەرەو مێگەلبوون هەنگاوی هەڵهێنا. دەوڵەتیش بووە ناوەندی هەموو شتێك و پرۆسەی داماڵینی مرۆڤ لە مرۆڤبوون دەستپێکرد و گەیشتە ئاستی دەزگایەکی داپڵۆساندن و زەفتکردن و رووتاندنەوەی مرۆڤ و سرووشت. سرووشتیش بەر هەڕەشەی تێکدان و شێواندن کەوت و هاوسەنگی خۆی لەدەست دا و لە کانگای ژیانەوە بەرەو کانگای تیاچوون و ...

ئیدی کۆمەڵگە لە نێو خۆیدا لە ئاستی کار و پێگەی کۆمەڵایەتیدا دابەش دەبێت. لەگەڵ هەر دابەشبوونێکدا گرفتی تاك قووڵتر و ئاڵۆزتر دەبێت. یەکەم دابەشبوونیش لەنێو خودی تاکەکاندا لە رووی رەگەزییەوە (ژن - پیاو) دێتە ئاراوە. دوا بەدوای دابەشکردنە چینایەتی و توێژاڵییەکان و پیشەوەرییەکان تا دێت پانتایی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. بەڵام تاك لەو پانتاییەدا ون دەبێت. بەر لەو دابەشبوونە مرۆڤەکان وەك زۆربەی گیانلەبەرەکانی دیکە مێگەلبوونی سرووشتیانە - نەك کۆمەڵایەتیانە - ی خۆیان هەیە و هەموو لە مێگەلایەتیدا دەژین. وەلێ دوای دابەشبوونی یەکەم - دابەشبوونی هەردوو رەگەز- رەگەزی پیاو بەسەر رەگەزی ژندا سالار و زاڵ دەبێت و پرۆسەی کۆیلەکردنی نیوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەستپێدەکات و پەرەدەسێنێ. دواتر دابەشبوونە چینایەتییەکان چینێك بەسەر چینێکی تردا باڵادەست دەبێت و بەمەش پرۆسەی کۆیلەکردن، کە لە گەوهەردا پرۆسەی ونکردنی تاکەکانە، زیاتر پانتاییەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. ئیدی مێگەلبوونی کۆمەڵگە یاخود بڵێین؛ پرۆسەی بە مێگەلکردنی کۆمەڵگە سەرەتا لەلایەن رەگەزی پیاو و دواتر لەلایەن چینی کۆیلەدار و فیۆداڵ و بۆرژوا بەردەوامی پێدەدرێت.

لە نێو ئەم پرۆسەیەدا؛ ئیشکالییەتی نێوان " تاکێتی تاك" و "تاکڕەوێتی تاك" ئیشکالییەتی هەرە دژوار و شاراوەی نێو خودی مێژوو و شارستانییەتەکانە. لە نێو رەگەز و چین و توێژاڵی سەردەستیشدا هەمیشە هەوڵدان بۆ سەلماندنی " تاکڕەوێتی تاك" لە ئارادا بووە، تا رادەی " خوداوەندێتی پادشا" چووە. سەرجەم دیکتاتۆر و خوێنڕێژەکانی مێژوو و ئەمڕۆ بەرهەمی مەیلی تاکڕەوێتی تاکن و بەمشێوەیە ئاراستەیان وەرگرتووە. هەروەها سەرجەم پەیامبەر و فەیلەسوف و زانا و هونەرمەندەکانی نێو مێژوو و ئەمڕۆش بەرهەمی مەیلی تاکێتی تاکن، کە لە ئاکامدا ئەوانەن کە بۆ هاوسەنگکردنەوەی ناهاوسەنگی نێوان "تاك – کۆمەڵگە" و "تاك – دەوڵەت" و " تاك – سرووشت" و " تاك – تاك"دا خاوەن داهێنان و بلیمەتی بوون. هەروەها تاکڕەوێتی تاکە هەمیشە ئەو ناهاوسەنگییانەی قووڵ و ئاڵۆزتر کردووە. ئیدی گرفتی تاك لە واتایەك لە واتاکاندا گرفتی نێوان تاکێتی تاك و تاکڕەوێتی تاکە. لێرەدا دەکرێ چەمکی ئازادی تاك – ئازادی کۆمەڵگە – باشتر تێبگەین.

لە ژمارە (7)ی 15.8.2004 لە لاپەڕە (5)دا بڵاوکراوەتەوە.

*/*//*

# تاکێتی تاک... تاکڕەوێتی تاک

گرفتی ناهاوسەنگییەکانی نێوان " سروشت – کۆمەڵگە – دەوڵەت" لە بنەڕەتدا گرفتی هەر سێکیانە لەگەڵ "تاک"دا. تەنانەت گرفتی نێوان " تاك و تاك"یش هەر لە گەوهەری ناهاوسەنگییەکانی نێوانیاندا شاردراوەتەوە، کە لە ئاکامدا بە ونبوونی "تاك" و " مێگەلبوونی کۆمەڵگە" بەردەوامی بەو ناهاوسەنگییانە دراوە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا شارستانییەتێکی ناهاوسەنگی ئافراندووە، کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بە دەستیەوە دەتلێتەوە. بە ونبوونی تاك ناهاوسەنگییەکانیش پەردەپۆش کران و شاردرانەوە و لە روانگەیەکی قەدەرگەراییەوە بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی بینرا. دەکرێ لە نێو سیستەمی میتۆلۆژیای راهیب و کاهینەکانی هەزاران ساڵ بەر لە ئێستادا رەگ و کرۆکی فەلسەفە و روانگە قەدەرگەراییەکان سەبارەت بە گرفتی نێوان " تاك - سروشت" و "تاك – کۆمەڵگە" و "تاك – دەوڵەت" و " تاك – تاك"دا ببینینەوە. هەروەها دەتوانرێ سیما و گەوهەری ئەو سیستەمە میتۆلۆژیاییە بە درێژایی مێژوو و قۆناخەکانی شارستانییەت تا رۆژگاری ئەمڕۆ بناسینەوە.

لە ئاکامی جێگیربوون و زاڵبوونی ئەو سیستەمە میتۆلۆژیاییە قەدەرگەراییە لە هەموو بوار و کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا، هەرچەندە پەیوەندی نێوان سروشت و تاك و کۆمەڵگە و دەوڵەت وەك پەیوەندییەکی پیرۆز و "تابۆ" تەماشا کراوە، وەلێ لەژێر ئەو پیرۆزییەدا مرۆڤ رووبەڕووی تراژیدیای هەرە گەورە و مەترسیدار بۆتەوە، تاك لە تاکێتی دادەماڵرێ و تاکڕەوێتی پێشدەکەوێ. لەگەڵ داماڵینی تاك لە تاکێتیی خۆی، نەك هەر ئازادییەکانی تاك زەوت دەکرێ و دەچەپێندرێ، بەڵکو لەگەڵ خۆیشیدا تەواوی ئازادییەکانی کۆمەڵگەش دەخرێتە ژێر گابەرد و بن زنارەکانی شارستانییەتە چینایەتییەکان. تاکیش لەو یوسفە دەچێت کە هەرگیز لە نێو "بیر"ە تارك و قووڵەکان دەرناکەوێت.

لە خۆهەڵاتی ناویندا؛ ئیدی تاك نەك هەر بە ناسنامە و ئیرادە و سیما بزر دەبێت، تەنانەت زۆر بە ئاستەم دەتوانین تارمایی و سێبەری تاك ببینین. گلگامێش ئەو تراژیدیایەی بنگۆمکردن و بزرکردنی تاك دەبینێ. بۆیە بەدوای نەمریدا دەگەڕێ. لە بەرامبەر ئەو پرۆسەیەی ونکردنی تاکێتی تاکدا ئیدی تاکڕەوێتی تاك لە منداڵدانی شارستانییەتە چینایەتییەکاندا پێدەگات و جڵەوی مێژوو دەگرێتە دەست. کۆمەڵگەش تا رادەیەکی زۆر لە ئامانج و چوارچێوەی یەکەم هەنگاوی کۆمەڵگەبوون دەردەچێت، کە پاراستن و بەردەوامی تاك و ژیانی تاکەکانە لە سروشت. ئیدی راستە کۆمەڵگە لە میانەی پاراستن و بەردەوامی خۆی تاکەکانیش – بە زەلیلی و داماڵراو لە ئازادی و ناسنامە و سیما و ئیرادەی تاکێتی – لە سروشت دەپارێزێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەژدیهایەکی زۆر ترسناکتر و هەڵلووشێنەرتر لە سروشت دەئافرێنێ کە ئەویش "دەوڵەت"ە. دەکرێ بڵێین؛ پرۆسەی دەوڵەتبوون و زاڵبوونی ئەقڵییەتی دەوڵەتگەرایی لە گەوهەردا پرۆسەی لە دەستدانی تاکێتی تاك و زاڵبوونی ئەقڵییەتی تاکڕەوێتی تاکە. چەندە پرۆسەی دەوڵەتبوون بەرەو تۆکمەیی هەڵدەکێشێ، ئەوەندەش

پرۆسەی تاکێتی تاك بەرەو نغرۆبوون رۆدەچێت، ئەوەندەش پرۆسەی تاکرەوێتی تاك لەسەر پشتی دەوڵەت بە رووی کۆمەڵگە و تاکێتی تاك هەڵدەشاخێ و کۆتگیر و دەستەمۆیان دەکات.

بە دوور لە هەر دردۆنگی و گومانێك دەکرێ گەوهەری سیستەمی میتۆلۆژیا و قەدەرگەرایی و رەنگدانەوەکانی بەسەر پەیوەندی و گرفتی نێوان " سروشت – تاك – کۆمەڵگە – دەوڵەت" و رادە و رەهەندی ناهاوسەنگییەکانیان لە ئەفسانە و چیرۆکە زۆر و زەبەندەکانی نێو پەرتووکە ئاییینییەکاندا بخوێنینەوە. تەنانەت دەتوانین یۆتۆپیای جیهانگەرایی تاکرەو بە مەودا مێژوویی و هەنووکەییەکەیشییەوە لە قووڵایی سیستەمە میتۆلۆژیاییە قەدەرگەراییەکان و ئەقڵییەتی تاکرەوێتی تاك و ئەژدیهاییێتی دەوڵەتدا بخوێنینەوە. بەڵام دیسان پرۆسەی تاکێتی تاك یاخود بڵێین ناسنامە و سیما و ئیرادەی تاکێتی بزر و نامۆیە، کە لە ئاکامدا ئیشکالییەتی نێوان " تاکێتی تاك – تاکرەوێتی تاك" و گرفت و ناهاوسەنگییەکانی نێوانیان زۆر بە دژواری و شاراوەیی و بە قووڵی دەبینرێت.

لە ژمارە (8)ی 22.8.2004 لە لاپەرە (5)دا بڵاوکراوەتەوە.

*/*//*

## تاك... ئینتیما... بەهاکان

کە تاك لە نێو سێگۆشەی ناهاوسەنگییەکانی " سرووست – کۆمەڵگە – دەوڵەت" قوتدەدرێت، سیمای سرووشتیانەی تاکێتی خۆی وەك بوونەوەرێکی خودی (کائن ذاتي) لەدەستدەدات و هەوڵدەدرێت بەشێوەیەکی رەها تەنیا وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی (رەعیەت – مێگەلایەتی) پێناس بکرێت. ئیدی ئینتیمای بۆ سرووشت تادێت لاواز دەبێت. لە بوونەوەرێکی سرووشتی خاوەن خودەوە بەرەو بوونەوەرێکی تەواو کۆمەڵایەتی داماڵراو لە ئینتیمای سرووشتی و دابراو لە خودێتی خۆی ئاراستەگیر دەبێت. ئەو کاتە بەهاکانیش لە تەوەرەی تاکدا جێگۆرکێ دەکەن، وەك چۆن ئینتیمای لە سرووشتەوە بۆ ئینتیما بۆ کۆمەڵگە پەیوەندی سرووشتیانەی نێوان " تاك – سرووشت" دەشێوێ و سەراوژێر دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بەهایانەی لە پەیوەندیشدا هەبوون شوێن بۆ ئەو بەهایانەی لە میانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە خوڵقاون چۆڵ دەکات. ئیدی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سرووشتی یاخود بڵێین؛ وەك پارچەیەك لە سرووشت پێناسی خۆی لەدەست دەدات. چونکە نەك هەر ئینتیما و بەها سرووشتییەکانی لاواز دەبن، بەڵکو مرۆڤ تەنیا بە هەبوونە کۆمەڵایەتییەکەی دەناسرێت و پێناس دەکرێت. کۆمەڵگەش هەمووو هەوڵێکی ئەوەیە ئینتیما و بەهای کۆمەڵگەبوون بە مرۆڤ بدات.

ئەم پرۆسەیە؛ کە لە گەوهەردا پرۆسەی ونبوونی پێناس و ئینیتما و بەهای سروشتی خودی مرۆڤە، وەك تاکێکی نێو سرووشت، کە هێدی هێدی لە سرووشتی خۆی نامۆ دەبێت، پرۆسەیەکە بەرەو کۆمەڵگەبوون. کۆمەڵگەبوونێك کە هەوڵدەدات خۆی لە سرووشت و یاسا و رێساکانی سرووشت دابڕێنێ. سرووشتێکی دیکە " سرووشتی کۆمەڵگە" و یاسا و رێسای دیکە " دابونەریت و رێسا ئایینییەکان و..هتد" بۆخۆی بئافرێنێ. ئیدی چیدی سروشت نابێتە سەرچاوەی پێناس و ئینیتیما و بەهاکان بۆ مرۆڤ، بەڵکو کۆمەڵگە شوێنی سروشت دەگرێتەوە، یاخود هەوڵدەدات شوێنی بگرێتەوە. لەم حاڵەتەدا مرۆڤ بەرادەی "هەنگ" و " مێروولە"ش ژیر نەبوو. چونکە ئەو بوونەوەرانە و بوونەوەری دیکەی هاوشێوەیان پرۆسەی کۆمەڵگەبوونی خۆیان ئەنجامدا، بەڵام سروشتی خۆیان و پێناس و ئینتیما و بەهای سروشتیانەی خۆشیان لە دەست نەدا، وەك ئەوەی مرۆڤ کردوویەتی. ئەمڕۆ خەریکە خۆیشی و تەواوی سروشتی هەسارەی خۆیشی لە دەست بدات.

لە بنچینەدا؛ مێژووی بە کۆمەڵگەبوون و مێژووی شارستانییەتەکان مێژووی تێکدانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتە. ئەگەرچی لە سەرتاپای مێژوو و قۆناخەکانی هزر و رامان – بە رەوتە ماتەریالی و میتافیزیکییەکەیەوە - بەهانەی تێکدانی ئەو پەیوەندییە هاوسەنگییەی نێوان سرووشت و مرۆڤ و هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ ئافراندنی پەیوەندییەکی دیکە دەخەنەڕوو، وەلێ لە ئاکامدا پێناس و ئینتیما و بەها کۆمەڵایەتییەکان و یاسا و رێساکانی کۆمەڵگە بۆ مرۆڤ زۆر لەوانەی سرووشت مەترسیدارتر و دژوارترن. چونکە سرووشت لە گەوهەری خۆیدا هاوسەنگی و تەبایی و پێکەوە هەبوونی نێوان شتەکان (بوونەوەرەکان)ە نەك لابردن و نەهێشتنی " ئەوەی دیکە". بۆیە ناتوانین قەناعەت بەوە نەکەین کە یاسا و رێساکانی کۆمەڵگە و کۆمەڵایەتیبوون لە یاسا و رێساکانی سرووشت - بۆ نموونە یاسای دارستان وەك دەڵێن – دژوارتر و مەترسیدارتر نەبوون بەسەر تاکی مرۆڤدا!!. ناتوانین ئەوە نەبینین کە ئەژدیهایەتی "دەوڵەت" لە کارەسات و رووداوە سرووشتییەکان مەزنتر و هەڵلوشێنتر نەبێت!!!.

ئیدی لەو مێژووە دوور و درێژەی بە کۆمەڵگەبوون و ژیارییبوون رەوتی تاکێتی تاك هەوڵیداوە بگەڕێتەوە ئامێزی سرووشت و پەیوەندییەکی هاوسەنگانە لەگەڵ سرووشت دەستپێبکاتەوە، وەلێ رەوتی تاکرەوێتی تاك بە پێچەوانەی ئەمە ئاڕاستەی گرتووە. تا ئەم ساتەی ئێستاش ئەم دوو رەوتە لە نێو ململانێ و کێشمەکێش دان.

لە ژمارە(9)ی 29.8.2004 لە لاپەڕە() بڵاوکراوەتەوە

## تاك لەنێوان کێویبوون و کەویبووندا

کە تاك وەك بوونەوەرێکی سرووشتی لەگەڵ سرووشتدا و لەناو سرووشتدا دەژیا هیچ شتێکی لەبەردەم خۆیدا قوت نەکردەوە تا کۆتگیر و دەستەمۆی بکات. بۆیە مرۆڤ لە حاڵەتی سرووشتی خۆیدا دەژیا. بەو واتایە هیچ بوونەوەرێکی دیکە مرۆڤی کەوی وماڵی نەدەکرد و خۆیشی خۆی کەوی نەکردبوو. بەڵام لە ئاکامی پرۆسەی

بە کۆمەڵگەبووندا پرۆسەی بە کەویبوون وماڵیبوونیشی دەستپێکرد. لەم پرۆسەیەدا مرۆڤ کۆمەڵێك بازنەی داخراوی بەدەوری خۆیدا کێشا، کە ئەمڕۆ پێیان دەگووترێت " دابونەریت، یاسا و ڕێسا، تابۆ و بیت، حەرام و حەلاڵ، باش و خراپ و...هتد" لە پرۆسەی بە کۆمەڵگەبووندا مرۆڤ هەر تەنیا چەندین بوونەوەر و گیانلەبەری دەستەمۆ و کۆتگیر و کەوی نەکرد، بەڵکو خۆیشی لەمیانەی ئەو بازنە داخراوانەی دەوری خۆی کۆتگیر و کەوی بوو و بەخۆی خۆی ماڵی کرد. ماڵیبوون و کەویبوونیش بە واتایەك لە واتاکان دەستتێوەردان لە سرووشتی بوونەوەرێك دەگەیەنێ. دەست تێوەردان لە ناسنامە و ئینتیما و بەهاکانی بوونەوەر و پێدانی ناسنامە و ئینتیما و بەهای دیکە، واتا لێسەندنەوەی سرووشت و تایبەتمەنی بوونەوەرێك و پێدانی سرووشت و تایبەتمەندی دیکە.

لەم پرۆسەیەدا؛ مرۆڤ ئەو جۆرە گیانلەبەرانەی کرد بە دوو بەشەوە: گیانلەبەرانی کێوی و گیانلەبەرانی کەوی. بەڵام ئەم دابەشکردنەی بۆ خۆی دروستنەکرد، بەڵکو هەردوو شێوە گیانلەبەرێتی " کێوی و کەوی" لەخۆیدا هێشتەوە و مایەوە. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت مرۆڤ هەردوو حاڵەتەکەی لە خودی خۆیدا حەشارداوە. بۆیە مرۆڤ هەبوونێکی دووانەیی (دوالیزم)ە. زەردەشت ئەم راستینەیەی زوو دەرك پێکرد. بەدوایدا هزرمەند و فەیلەسوف و پەیامبەرانیش لەسەر ئەم راستینەیە تێڕوانین و رامانی خۆیان ئاراستەگیر کرد. ئیدی پێکهاتەی سرووشتی مرۆڤ لە هۆڤێتی (کێوی)یەوە بەرەو "هۆڤێتی و کەویبوون" ئاراستەی وەرگرت. خودی مرۆڤ بە ناسنامە و تایبەتمەندی و ئینتیما و بەهاکانییەوە لەم پرۆسەیەدا خودێکی دووانەیی لێ پێکهاتووە. بەڵام لە هەمان پرۆسەدا گیانلەبەرانی دیکە بۆ دوو شێوە و حاڵەتی جیاواز لە یەکدی " کێوی – کەوی" ئاراستەی گرت.

بەو ئەندازەیەی مرۆڤ لەم پرۆسەی کەویکردنەدا هەوڵیداوە زۆرترین ژمارەی گیانلەبەران ماڵی و کەوی بکات و ئەو کەوی کردنەی بە قووڵی بەسەر ئەو گیانلەبەرانە بسەپێنێ و بچەسپێنێ، بەهەمان ئەندازەش هەوڵیداوە لە خودی خۆیشیدا بەرجەستەی بکات. لێرەدا هەموو هزرە کۆمەڵایەتییە میتۆلۆژیایی و ئایینی و فەلسەفی و زانستییەکان لەلایەك لەهەوڵی شیکردنەوەی ئەم حاڵەتە دابوونە، لەلایەکی دیکەوە لەهەوڵی ئەوەدابوون ئەو کەویبوونە بگەیەنرێتە ئاستی ناسنامە و ئینتیما و بەهای کۆمەڵایەتی. ئەم پێکهاتە دووانەییەی مرۆڤ لە ئاستی خودی و بابەتی مرۆڤبوونی مرۆڤدا لە ئارادابوو. هەم لەنێو خودی مرۆڤ هەمیش تاك لەگەڵ تاکەکانی دیکە و کۆمەڵگە و دەوڵەتدا. ئیدی تاکێتی تاك و تاکرەوێتی تاك لەنێو خود و دەرەوەی خودی مرۆڤ لەم پرۆسەیەدا لەنێو ململانێ و ناکۆکی دژوار دابوونە. هەروەها سیستەمی دەوڵەتگەرایی رۆڵێکی گرنگی لە پارسەنگ گرتن و نەگرتنی ئەو ململانێ و ناکۆکییەدا هەبووە. چەندە رۆڵی دەوڵەت و ئەقڵییەتی دەوڵەتگەرایی کەم و سنووردار بکرێت، ئەوەندەش دەتوانرێ ئاراستەیەکی جوداتر لەو ئاراستەگرتنەی ئەو ناکۆکی و ململانێیە لە مێژووی شارستانییەتدا هەیبووە، وەربگرێت. بە پێچەوانەش هەر راستە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە؛ داخوا پرۆسەی کۆمەڵگەبوون تا چەند پێکهاتەی سرووشتی و مافە سرووشتییەکانی لە مرۆڤ زەوت کردووە و تا چەندیش لە کەویبوونیدا مرۆڤی گەیاندۆتە شکۆداری؟ تا چەند دەکرێ هاوسەنگی لە نێوان کێویبوون و کەویبووندا بهێنرێتە دی؟!.

له ژماره (10)ی  05.09.2004 له لاپەڕە (5)دا بڵاوكراوەتەوە.

*/*///

# دوالیزمی ڕەهاگەرایی... دوالیزمی ڕێژەگەرایی

بەرلەوەی مرۆڤ بە پرۆسەی كۆمەڵگابووندا تێبپەڕێ ڕوانین و پێناسەكانی بۆ بوونەوەر و شتەكانی دەوروبەری نەگەیاندبووە ئاستی ئەبستمۆلۆژییەوە، بەڵكو لەمیانەی پێكداخشان و كارلێك و كار و كاردانەوە لەگەڵیاندا، لەنێو گەنەكانیدا تۆماربووە. بەڵام دواتر كە پرۆسەی كۆمەڵگابوون و لەگەڵیشیدا پرۆسەی كەویبوون و ماڵیبوون پێشدەكەوێ، ئیدی لەلای مرۆڤ ڕوانین و پێناسەكانی بۆخۆی و بوونەوەر و شتەكانی دەوروبەری دەگاتە ئاستی "ئەبستم- مەعریفە". بۆ نموونە؛ گیانلەبەرەكانی بۆ گیانلەبەری كێوی و گیانلەبەری كەوی و ماڵی، ڕووەك و گژ و گیاكان بۆ شیاوی خواردن و شیاوی نەخواردن دابەشكرد. سەبارەت بەخودی خۆیشی پێكهاتەیەكی دوالیزمانەی "كێویبوون و كەویبوون"ی بەخۆی دا و خۆی وەها پێناسە كرد. دەكرێ بڵێین؛ مەعریفەی دوالیزمیانە سەرەتاییترین مەعریفەی مرۆڤە. لەم ڕوانگەیەوە؛ پێناس و ڕوانین و ڕامانەكانی داتاشی و پۆلێنی كرد. بەڵام وا دیاردەبێت سەرەتا مەعریفەی دوالیزمی، كە مەعریفەیەكی جیاكاری و هەڵاوێردكردنە، مەعریفەیەكی ڕەهاگەرایی بووە، نەك ڕێژەگەرایی. بۆیە دەتوانین بڵێین؛ تایبەتمەندێتی "ڕەهاگەرایی+ دوالیزمیانە"ی مەعریفەی سەرەتایی، مرۆڤی پەلكێشی مەعریفەیەكی دۆگمایانە كرد. مەعریفەی دۆگمایی مەعریفەیەكە هەموو بوونەوەرەكانی گەردوون و تەنانەت خودی مرۆڤ و پێكهاتە سەرەتاییەكانی كۆمەڵگای بۆ دوو بەشی ناكۆك و دژ بەیەك پۆلێن دەكات. لێرەوە چەمكی ڕەهاگەرایی؛ باش و خراپ، جوان و ناشیرین، حەڵاڵ و حەرام و...هتد لە هزراندن و ڕامانی مرۆڤ دەچەسپێ. شێوە هزراندنە سەرەتاییەكانی مرۆڤ وەك"شامانیزم – میتۆلۆژیا – غەیبانیەت (ئایین)" لەو شێوە هزراندنە دۆگماییانەن كە مرۆڤ سیستەمی مەعریفی خۆی لێ پێكهێناوە. بێگومان لەگەڵ پێشكەوتنی فەلسەفە و دواتریش زانست هێدی هێدی مەعریفەیەكی ڕێژەیی پێشدەكەوێ، كە لەگەڵ خۆیدا چەمكی دوالیزمی ڕەهاگەرایی لاواز و بێ بنەما دەمێنێت و چەمكی دوالیزمی ڕێژەگەرایی گەشە دەكات. ئیدی مەعریفەی ڕەهاگەرایی دۆگمایی ڕووبەرووی مەعریفەی ڕێژەگەرایی زانستی دەبێتەوە.

لە بنەڕەتدا ئەقڵییەت و چەمكی دوالیزمی - بە شێوە ڕەهایی و ڕێژەییەكەوە - لەسەر بنچینەی لۆژیكی "پێهەڵگیری – انطلاق" و "كۆتگیری - تقید" بونیادنراوە. ئیدی ئیشكالیەتی پێهەڵگرتنەكان"انطلاقات"و كۆتگیرییەكان "تقیدات" ڕەهادار دەكرێن یاخود كۆتگیر، ئەمە كێشە قووڵەكانی نێو شێوە هزراندنەكانی "شامانیزم- میتۆلۆژیا- تیۆلۆژیا- فەلسەفە- زانست"پێكدێنن. هەموو ئەو دوالیزمانەی لە ئەبستمۆلۆژیادا بە درێژایی مێژووی هزری مرۆڤایەتی پۆلێن كراون لە چوارچێوەی "لۆژیكی پێهەڵگیری- كۆتگیری"بونیادنراوە. تا

رادەیەکی زۆریش ئاراستەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان بەو لۆژیکە پێوراون. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە؛ فاکتەری "زەمەن- شوێن- رووداو"رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەوەی چ بە "پێهەڵگیری" ناوزەد بکرێ و چیش بە "کۆتگیری" لە قەڵەم بدرێت. ئەوەی دوێنێ پێهەڵگیری بووە ئەمڕۆ یاخود بەیانی دەکرێت ببێتە کۆتگیری. هەروەها ئەوەی لێرە کۆتگیرە لە شوێنێکی دیکە دەکرێ پێهەڵگیر بێت، رووداوێک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا پێهەڵگرتنە، بەڵام لە هەمان کات و شوێندا رووداوێکی دیکە کۆتگیرییە...هتد. ئیدی فاکتەری "زەمەن- شوێن- رووداو"رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەوەی شوێنگۆڕکێی نێوان پێهەڵگیرییەکان و کۆتگیرییەکان بێتەدی و لە بۆتە رەهاگەرییەکەی خۆی دەربکەوێ و بۆتەیەکی رێژەگەرایی وەربگرێت. ئەمەش وای کردووە ئەبستمۆلۆژیا تا رادەیەک لە دوالیزمی رەهاگەرایی رزگاری ببێت و ئاراستەیەکی رێژەگەرایی وەربگرێت.

لە ژمارە (11)ی 12.09.2004 لە لاپەڕە (5)دا بڵاوکراوەتەوە.

***/*/*/*/*/*/***

# ترسی ژیاریی ... ژیاری ترسێنەر

رەنگبێ رۆڵی فاکتەری ترس لە رۆڵی فاکتەرەکانی دیکەی ئافراندنی ژیار و شارستانییەت کەمتر نەبێت ئەگەر زیاتر نەبووبێت. ترسی ژیاری فاکتەرێکە؛ زیاتر لەوەی بۆتەیەکی هەستی و غەریزەیی و سایکۆلۆژی رووتی هەبێت، بۆتەیەکی فەلسەفی و هزری و سۆسیۆلۆژی هەیە. لەوکاتەی مرۆڤ نەگەیشتبووە ئاستی مرۆڤبوون و کۆمەڵگەبوون، مرۆڤ وەك هەر گیانلەبەرێکی دیکە ترسێکی هەستی و غەریزەیی هەبووە، وەلێ لەگەڵ تێپەڕبوونی حاڵەتی ترسانەوە و لەبەر ونبوونی ترسێنەرەکە (دیاردە و رووداوە سروشتییەکان، هێرش و پەلاماری گیانلەبەرەکانی دیکە بۆ سەر مرۆڤ) ئەو هەستەش نەدەما و غەریزەی ترسیشی دادەمرکایەوە. واتە دەرکەوتنی ترس لە مرۆڤدا حاڵەتێکی کاتی بووە و زیاتر لە میانەی پێکداخشان (بەریەککەوتن) و کارلێکردن و کار و کاردانەوەوە دەرکەوتووە، کە حاڵەتەکە نەماوە ترسەکەش رەویووەتەوە. وەلێ ترسی ژیاری (شارستانییەتی) ترسێکی بەردەوام و هەمیشەیی بووە و لەئاکامی گەڕان و لێکدانەوە و مانەوەی پرسیارە ئەزەلییەکان بەبێ وەڵامی متمانەدار و باوەڕپێکراودا دەرکەوتوو. ئەمڕۆش ترسی ژیاری گەیشتۆتە ترۆپکی خۆی. چونکە رووبەڕووی ژیارێکی ترسێنەر بۆتەوە، کە خەریکە مرۆڤ و هەموو پێکهاتە ژیارییەکانی مرۆڤ هەڵدەلووشێ.

مرۆڤ لە سەرەتای بە مرۆڤبوون و کۆمەڵگەبوونیدا ترسە هەستی و غەریزەیەکەی لەگەڵیدا بووە. ئەو کاتە ترسە شارستانێتییەکەی لەلا چەکەرەی کردووە. وەلێ پێنەگەیشتووە. هزرە سەرەتاییەکانی شەمانیزم (غەیبانییەت) و میتۆلۆژیا دەربڕی ئەو حاڵەتەی چەکەرەکردنەن. وەلێ لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەی بە کۆمەڵگەبووندا، بە تایبەتی لە دوای قۆناخی چەرخی بەردینی نوێ (نیۆلۆتیکی) و دەستپێکردنی قۆناخی

شارستانی چینایەتی، ئیدی لێگەڕین و لێکدانەوە و پرسیارە بێ وەڵامەکان زیاتر دەبن. لەگەڵ زیادبوونیشیاندا ترسی ژیاری زێدەتر دەبێت و پێدەگات. هزرە ئایینی و فەلسەفییەکان دەربڕی ئەو حاڵەتەی پێگەیشتنی ترسی ژیارین. لەگەڵ پەرەسەندنی زانستەکانیشدا ترسی ژیاری گەیشتۆتە ترۆپکی خۆی. ئەگەر هزرە سەرەتاییەکان وەڵامێکی رەها و چەسپاو و نەگۆڕییان بۆ پرسیارە ژیارییەکانی مرۆڤ داوەتەوە، کە لەبنەڕەتدا وەڵامی دۆگماییانەن، ئەوا هزرە ئایینی و فەلسەفی و زانستییەکان لەگەڵ هەر وەڵامدانەوەیەك بۆ پرسیارە ژیارییەکان، پرسیارە ژیارییەکانی زیاتر کردووە، کە لەبنەڕەتدا وەڵامێکی دۆگماشکێنیانەن. لە ترسی ژیارییدا؛ وێڕای پاشخانی ترسی (ترسی هەستی و غەریزەیی و سایکۆلۆژی) لە ترسی تاك لە تاکەکانی دیکە و کۆمەڵگە و دەوڵەت، ترسی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەکانی دیکە و تاك و دەوڵەت، ترسی دەوڵەت لە دەوڵەتەکانی دیکە و تاك و کۆمەڵگەش شوێنگیر دەبن. هەروەها لە ترسی ژیارییدا هەمیشە زەمەنەکان رابردوو و ئێستا و داهاتوو تێکهەڵکێشی یەکدی دەبن و زەمەنێکی وا دەخوڵقێنن کە دەکرێ بە " زەمەنی ژیاری" ناوزەدی بکەین. لەمانەش گرنگتر لە زەمەنی ژیارییدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گەردوون (پێکهاتەکانی سروشت) هەر تەنیا پەیوەندییەکی پارچە (جزء) لەگەڵ گشت (کل) نییە، بەڵکو بۆتەی پەیوەندییەکی نێوان (خود - مرۆڤ) لەگەڵ (بابەت – گەردوون)یش دێتە ئاراوە. لەو حاڵەتەدا پەیوەندی خود بە بابەتەوە لەسەر بنەمای ترس بونیاد نراوە. لەم ڕووەوە پرسگەلی (ژیان - مردن) یان (نەمری – فەنابوون) پرسگەلی هەرە قووڵە لە زەمەنی ژیارییدا، کە ترسی ژیاری ئافراندوویەتی. لەنێو پرسگەلی بەمشێوەیەدا ئەقڵییەتی دۆگمایی و ئەقڵییەتی دۆگماشکێنی تێروانین و وەڵامی جیاوازیان بۆ ترسی ژیاری هەیە. ئەقڵییەتی دۆگمایی وەڵامی رەها و یەقینی و تاك رەهەندیان بۆ پرسگەلەکان هەیە. وەلێ ئەقڵییەتی دۆگماشکێنی وەڵامی رێژەیی و بە گومان و هەمەرەهەندیان هەیە. بەڵام لەگەڵ هەر وەڵامێکی بەمشێوەیەدا رادەی ترسی ژیاری زیاتر دەبێت و رەهەندەکانیشی هەمەلایەنەتر دەبن. مرۆڤ ئەمرۆ لەبەرامبەر چییەتی (ماهیة)ی خۆی و ژیارەکەی و لەبەرامبەر چییەتی گەردوون و زەمەنی ژیارییدا لە لوتکەی ترسی ژیارییدا دەژیێت. چونکە مرۆڤ کە لەو ساتە زەمەنەی تێیدا دەژی ڕووبەڕووی خودێکی تێکچڕژاو و ژیارێکی ترسێنەر بۆتەوە. بۆیە ناکرێ لە لوتکەدا ترسێکی ژیاری قووڵی نەبێت!!.

لە ژمارە 13ی 2004/9/26 لە لاپەڕە 7دا بڵاوکراوەتەوە

***/*/*/*

## ترسی ژیاریی .... داهێنانی ژیاریی

لە نێوان ترس و داهێناندا پەیوەندییەکی دیالەکتیکی هەیە. چونکە هۆکار و ئەنجامی یەکدین. وەك چۆن ترسێکی ژیاری داهێنانێکی ژیاری دەئافرێنێ، ئەوا لەگەڵ هەر داهێنانێکی ژیاریشدا ترسێکی ژیاریش دەئافرێنێت. زلکردن نابێت ئەگەر بڵێین؛ ترس داهێنان دەئافرێنێ، داهێنانیش ترسێکی دیکە دەئافرێنێ. ئەم دەستنیشانکردنەی سەرەوە رادەی رۆڵگیری فاکتەری ترس لە لەدایکبوون و زایین (میلاد)ی داهێنان و داهێنان لە ترس دەخاتەڕوو. ئەگەرنا فاکتەری دیکەی لە دایکبوون و زایینی ترس و لەدایکبوون و زانینی

داهێنانیش لە ئارادان. مرۆڤ کە لە مەرگ و فەنابوون دەترسێ، لە هەوڵی بەردەوامکردنی ژیانی نەمرییدا دەبێت. لەم پێناوەشدا میکانیزمەکانی داهێنان دەکەوێتە گەڕ. لە بنەڕەتدا وزەی داهێنان دینامیکی بەردەوامکردنی ژیان و نەمرییە. ئیدی داهێنان هەم وەك میکانیزم، هەمیش وەك دینامیزم ژیارەکان (شارستانییەتەکان) بەرهەم دێنێ. وەلێ میکانیزم و وزەکانی داهێنان کە لە گەڕ و جووڵەدا دەبن، مرۆڤیش دەترسێنن. چونکە لەگەڵ هەر داهێنانێکدا کۆمەڵێك پرسیاری نوێی ژیاریش دێنە ئاراوە. ئەمەش ترسی ژیاری لەلای مرۆڤ دەئافرێنێ. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش چ بەشێوەیەکی ڕەهاگەرایی یاخود ڕێژەگەرایی بێت، داهێنانی دیکە لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئیدی نهێنی بەردەوامکردنی ژیان و نەمریش خۆی لەمەدا حەشار داوە.

مەبەست لە داهێنان، داهێنانە لە هەر کایەك لە کایەکانی ژیان. هەڵبەتە لوتکەی داهێنانەکانیش داهێنانی هزرییە. هەروەها داهێنان لە میانەی بەردەوامبوونی بە فاکتەری ترس بەردەوامی بە خۆی دەدات. لەم حاڵەتەدا داهێنان لەسەر زەمینەی خەیاڵ و مەزەندەکردن دێتەئاراوە. وەلێ لە واقیعی هەیی دابڕاو نییە. ئەوەی خەیاڵ و واقیعیش بەیەکەوە پەیوەست دەکات داهێنانە. پێم وایە پێوانەی هەرە سەرەکی جیاوازی نێوان داهێنان و واقیع؛ کاریگەرێتی زیاتر و قووڵتری داهێنانە. واتا واقیعی داهێنراو لە واقیعی هەیی بە کاریگەرتر و مەزنترە. هەروەها داهێنان واتە تێخوێندنەوەی هەمەلایەنە و هارمۆنیانەی واقیع و بونیادنانی واقیعێکی جوداتر و جوانتر و باشتر. لەبەر ئەوەیە داهێنان هەمیشە خۆی وەك پرۆسەی گۆڕان و قەڵەمباز دەنوێنێ. داهێنان هەم واقیعی هەیی دادەڕووخێنێ و هەمیش واقیعێکی دیکەی جوداتر بونیاد دەنێ. یاخود کە واقیع دادەڕووخێت و دادەڕزێت داهێنان سەرلەنوێ پرۆسەی بونیادنانی خۆی بۆ واقیعێکی دیکەی جوانتر و باشتر دەستپێدەکات. هەڵبەتە ئەگەر ترس لە واقیعی هەیی نەبێت ئەوا هەوڵدان بۆ بونیادنانی واقیعێکی دیکەش نایەتەدی. لێرەدا ترس لە واقیعی هەیی و باو پەیوەستە بە ڕادەی هۆشیاری تاك و سەرتاپای کۆمەڵگەوە. بەبێ هۆشیارییەکی قووڵ و مەزن لە واقیع و بەبێ پاشخانێکی هزری هەمەڕەهەند، بەبێ خەیاڵبینی و واقیعبینیەك کە لە ئاکامدا داهێنان لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، نایەتەدی. بۆیە داهێنان لە هەر کایەیەکی ژیاندا تەواو پەیوەستە بە هۆشیارییەکی باڵا و قووڵ و پاشخانێکی هزری و مێژووییەوە. مرۆڤە نەزان و کۆلەوارەکان مرۆڤی بێ داهێنانن، تەنانەت هەڕەشە و مەترسی هەرە مەزنن لەبەردەم پرۆسەی داهێناندا. کە ترس لە واقیعی هەیی لە ئارادا نەبێت ئەوەی پێی دەگووترێت " دووبارە بوونەوەی مێژوو" دێتەئاراوە. نەك هەر ترس لە واقیعی هەیی، تەنانەت ئەگەر ترس لە داهاتووێکی چاوەڕواننەکراویش نەبێت، ئەوا ئەوا ڕێگیری لەو هەڕەشە ترسێنەرانەی داهاتووش فەراهەم نابێت. بۆیە ترس لە ئەمڕۆ و داهاتوو، لە میانەی تێخوێندنەوەی رابردوو و خەیاڵی گۆڕینی واقیعی ئەمڕۆ و بونیادنانی داهاتووێکی جوانتر و باشتر، سەرەتا لە هزر و پاشانیش لە پراکتیکدا وەك پرۆسەیەکی داهێنەرانە ئاراستەگیر دەبێت.

لە راستیدا تیۆری " ئەو دونیا – دونیایەکی دیکە" بەرهەمی ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکییەی نێوان ترس و داهێنانە. چونکە ترس لە ئەمڕۆ "واقیعی باو" یاخود ترس لە دووبارەبوونەوەی دوێنێ (مێژوو) ناچاری هەوڵدانمان دەکات لەپێناو سپێدەیەکی باشتر و جوانتر. ئەمەش فاکتەری سەرەکی داهێنان و پرۆسەی داهێنانە.

له ژماره (14)ی ڕێکەوتی 3.10.2004 له لاپەڕه (7)دا بڵاوکراوەتەوه.

*/*/*/*/*/

# فیردۆسیبوون له نێوان گەڕانەوه و گەیشتندا

لەگەڵ دەستبەردان له ژیانی سەرەتایی سەردەمی بەردینی نوێ (سەردەمی نیۆلۆتیك) و دەستپێکردنی سەردەمی شارستانییەتی چینایەتی خەیاڵی گەیشتن به دونیایەکی جودا له دونیای واقیعی باو، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش پیرۆزترین و مەزنترین خەیاڵی مرۆڤه لەگەڵ هەر هەنگاونانێك و هەوڵدانێك بەرەو ئەو دونیایه ئەم خەیاڵەش لەگەڵیدا مەزنتر و پیرۆزتر خۆی نیشان داوه. ئیدی گەیشتن بەو دونیا خەیاڵلاویه نیاز و مەبەست و هیوای هەموو مرۆڤێك و پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی و کۆمەڵگەیەك بووه. له بنەڕەتدا؛ ئافراندنی ئەو یۆتۆپیا (خەیاڵ)ه کاردانەوەیەکی شێلگیرانەی ئەوانه بوو که به هاتنه ئارای سەردەمی دابەشبوونی کۆمەڵگه بۆ چەندین پله و مەرجی جودا، رازی نەبوون، که پێشتر مرۆڤ سەردەمێکی یەکسان و هاوبەش و بێ جودایی له قۆناخی نیۆلۆتیکدا هاوشێوەی ئەو یۆتۆپیایه ژیابوو. لەمەدا دەردەکەوێ یۆتۆپیای دونیایەکی جودا (فیردۆس – بەهەشت) بەو ڕادەیەی دونیایەکی داهاتووی خەیاڵکراو بووه، به هەمان ڕادەش دونیایەکی ڕابردوویی دیتراویش بوو. واتا یۆتۆپیای گەیشتن به فیردۆس خۆی له خۆیدا یۆتۆپیای گەڕانەوه بووه بۆ فیردۆسێکی ونبوو و لەدەستچوو.

چەمکی فیردۆس (بەهەشت) و گەیشتن پێی، لەنێو دیرۆکی هزری مرۆڤایەتییدا شوێنگەیەکی قایم و هەمیشەیی گرتووه. نەك لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەو فیردۆسه تەنیا له چوارچێوەی یۆتۆپیادا ماوەتەوه و له واقیعدا نەئافرێنراوه، بەڵکو لەبەر ئەوەی مرۆڤ مانەوه و نەمریی خۆی تێدا دەبینێ. دواجار ئاسوودەیی و خۆشی و هەست به چێژکردن و شکۆمەندی خۆی لەو فیردۆس (بەهەشت)هدا کۆدەکاتەوه. هەڵبەته چەمکی فیردۆس و فیردۆسیبوون (بەهەشتیبوون) گەلێك شێوه و شێواز و تایبەتمەندی جودای له قۆناخەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا لەخۆوه گرتووه، وەلێ گەوهەر و کرۆکی هەموو یۆتۆپیا فیردۆسییەکان هەمان گەوهەر و کرۆکه. هەرچەنده هەندێك له فیردۆسیخوازەکان گەیشتن به ژیانی فیردۆسییان بۆ سەردەمی دوای هەڵسانەوه (قیامة) و شۆڕش دواخستووه. بەڵام هەندێکی دیکەیان خواستوویانه یۆتۆپیای ژیانی فیردۆسی له واقیعدا بئافرێنن و خۆیان و ئەوانەی خۆشیاندەوێن ببینن. کەچی له هەردوو حاڵەتەکەدا زۆر جار پراکتیکی فیردۆسیخوازەکان دۆزەخێکی گەورەتریان ئافراندووه. ڕەنگبێ سۆسیالیزمی بونیادنراو (نموونەی سۆڤییەت)

نزیکترین و بەرچاوترین پراکتیکی دۆزەخ ئافراندن بێت لە پێناو گەیشتن بە یۆتۆپیای فیردۆسیدا. لێرەدا بە روونی چەمکی دوالیزمی رەهاگەرایی فیردۆس – دۆزەخ دەبینرێت. تەنانەت چەمکی سێینەیی (هەڵسانەوە - شۆرش) + فیردۆس + دۆزەخ لە چوارچێوەی تیۆری ئەو دونیا (دونیایەکی دیکە)دا روون و بەرچاوە. سەرەڕای هەوڵدانی هەزاران ساڵەی مرۆڤ لەپێناو گەیشتن بە یۆتۆپیای فیردۆس و خزاندنی ئەوانەی خۆشیان ناوێن و کۆیلایەتی و چەوسانەوەیان بەسەردا دەسەپێنن بۆ نێو دۆزەخ، کەچی رەنگبێ لە زۆر حاڵەتدا دۆزەخەکە ئافرێنرابێت، نەك هەر بۆ ئەوانەی دۆزەخیین، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە فردۆسیخواز بوون یان شایستەی ژیانی فردۆسیین. وەلێ تا ئێستا بە شێوەیەکی رەها و هەمیشەیی یۆتۆپیای فیردۆسی نەئافرێنراوە. ئەوەی لە دیرۆکی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتییدا ئافرێنراوە تەنیا ساتی فیردۆسیبوون و بۆ زەمەنێکی کاتیی و کەم بەردەوام بووە و پاشان وەك سەراب رەویوەتەوە لەبەر گڕ و کڵپەی دۆزەخە ئافرێنراوەکاندا تواوەتەوە. بەڵام خاڵی هەرە گرنگ لەمەدا ئەوەیە کە مرۆڤ و سەرجەم کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لە ئافراندنی یۆتۆپیای فیردۆسی و گەیشتن پێی نەکەوتووە و سەرەڕای هەموو لەمپەرە دۆزەخییەکان سڵ لە گەیشتن بە مەنزڵگای فیردۆسی و بە فیردۆسیبون ناکاتەوە...

لە ژمارە (15)ی 2004/10/10 لەلاپەڕە (7) بڵاوکراوەتەوە.

/*/*/*/*/

# خەیاڵاندن ... کرۆکی هزراندن

بەبێ یەك و دوو؛ خەیاڵکردن یان خەیاڵاندن رۆڵێکی بنەڕەتی هەبووە لە بونیادنانی ژیار و شارستانییەتەکانی مرۆڤایەتی و هەڵکشانی مرۆڤ بەرەو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی – خودی شکۆمەند. بەبێ خەیاڵاندنی مرۆڤ لە گەردوون و دەوروبەر و خودی خۆی هەرگیز مرۆڤایەتی بەم ئاستە بەرزەی خۆی نەدەگەیشت. مرۆڤ بە خەیاڵاندنی خۆی توانی قۆناخەکانی بەمرۆڤبوون و بەکۆمەڵگەبوون و شکۆمەندێتی خۆی بەسەر تەواوی بوونەوەرەکانی دیکەدا تێپەڕێنێ. تەنانەت سەرجەم ئەو ژیانە فیردۆسی و دۆزەخیانەی بەسەر خۆی و هاوڕەگەزی خۆیدا هێناویەتی بەرهەمی خەیاڵاندنی خودی مرۆڤ خۆیەتی. ئیدی، واقیع، داهاتووش لە خەیاڵدانی مرۆڤەوە چاوگی گرتووە. دەکرێ بڵێین؛ خەیاڵاندن پرۆسەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامی مرۆڤ بووە، هەر لە سەرەتای هزراندنییەوە تاکو رۆژگاری ئەمرۆمان، لە داهاتووشدا هەر بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە و بەردەوامی بە خۆی دەدات. بێگومان تێکڕای خەیاڵاندنی مرۆڤ پەیوەستی یەکدی و هۆکار و دەرئەنجامی یەکدین؛ هەر خەیاڵاندنێك چاوگی چەندین خەیاڵاندنی دیکەی دوای خۆیەتی، هەر خەیاڵاندنێك لە دوێنێ، ئەمڕۆ دەئافرێنێ، ئەوەی ئەمڕۆش بەیانی لە بۆتەی خۆیدا حەشارداوە. لەبنچینەدا؛ خەیاڵاندن پرۆسەی هەرە گرنگ و سەرەکی هزراندنی مرۆڤە. دیرۆکی هزراندنی مرۆڤ بە واتایەك لە واتاکان دیرۆکی خەیاڵاندنی مرۆڤە.

تەنانەت کرۆکی هزراندن خەیاڵاندنە. هەر لەوکاتەی مرۆڤ لەڕێگەی قیڕاندن، سەماکردن و ئەو نەخش و نیگارانەی لە دیواری ئەشکەوتەکاندا نەخشاندوویەتی، خواستوویەتی گوزارشت لەو حاڵەتی خەیاڵاندنەی خۆی بکات. ڕەنگبێ ئافراندنی سیستەمی میتۆلۆژیایی، وەك قۆناخێکی هەرە بەرزی خەیاڵاندنی مرۆڤ بێت لە دیرۆکی خۆیدا. هەڵبەتە ناتوانین لە بەهای لوتکە بەرزەکانی دیکەی هزراندنی مرۆڤ "تیۆلۆژیا، فەلسەفە، زانست" کەم بکەینەوە، وەلێ گشتیان هیشتاش لەژێر کاریگەری بەرچاوی یەکەم لوتکەی هزراندنی مرۆڤ دان کە خۆی لە "ئافراندنی سیستەمە میتۆلۆژییەکان"دا دەبینێتەوە.

ئەمڕۆش ئیشکردن لە بوارە تیۆلۆژیایی و فەلسەفی و زانستییەکان سەرەتا ئیشکردنێکی خەیاڵگەرییانەیە. چونکە تەواوی ئیشکردنەکان لەسەرجەم کایەکانی مەعریفەدا گەڕانن بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەبەردەم مرۆڤدا قوتدەبنەوە. لەڕاستیدا پرسکردن و پرساندن هەم هۆکار و هەم دەرئەنجامی خەیاڵاندنەکانی مرۆڤن. بەهەمان شێوە گەیشتن بەهەر وەڵامێکیش ئاکامی پێگەیشتنی خەیاڵاندنی مرۆڤە لە قۆناخێك لە قۆناخەکانی هزراندنی مرۆڤ. هەڵبەتە ناکرێ پرۆسەی خەیاڵاندنی مرۆڤ لە چییەتی (ماهية) و کەینونەی مرۆڤ و مرۆڤبوونی مرۆڤ داببڕێنین.

ناتوانین گومان لەوە بکەین کە شێوە خەیاڵاندنەکانی دیکەی مرۆڤ "شامانییەتگەرایی، سیحر، هونەر و ئەدەب، کەشە فەنتازییەکانی و..هتد بارتەقای شێوە خەیاڵاندنەکانی دیکە " تیۆلۆژیا، فەلسەفە، زانست" ڕۆڵیان لە پرۆسەی بە مرۆڤبوون و بە کۆمەڵگەبوون و شکۆمەندێتی مرۆڤدا هەبووە. تەنانەت لە رووکاردا وا مەزەندە دەکرێت تەنیا ئەو شێوە خەیاڵاندنانەی مرۆڤ " شامانییەتگەرایی و سیحر و ..هتد" بەرهەمی خەیاڵاندنی مرۆڤن. وەلێ لەگەوهەردا هەموو شێوەکانی دیکەی داهێنانی هزری لە چنینی خەیاڵگەراییانەی مرۆڤەوە چاوگ دەگرن. ئیدی مرۆڤ ئەوەندە بە توانست و وزەی خەیاڵگەرییانەی خۆی سەرسام و ئەبڵەق بووە، تا ئەو رادەیەی گومانی لەوە کردووە کە ئەوەی دەیئافرێنێ لە ئافراندنی خۆیەتی و توانستی خەیاڵگەرییانەی خۆی بەرهەمی هێناوە. بۆیە بەشێکی زۆری ئەو ئافراندنانەی خۆی بۆ سروشت و ئەودیو سروشتەوە گەڕاندۆتەوە.

لەئاکامدا؛ مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە توانیویەتی بەرێگەی پرۆسەی خەیاڵاندنی خۆیەوە، لە ئاواکردنی تاکە گوندێك لەسەر رووی زەمین بگاتە ئەو رادەیەی هەموو گۆی زەوی بگەیەنێتە ئاستی گوندێکی بچووك.

لە ژمارە ()ی رێکەوتی 10.2004.؟دا لەلاپەڕە ()دا بڵاوکراوەتەوە.

/*/*/*/

## بلیمەتبوون... لوتکەی خەیاڵاندن

لەگەڵ دەستپێکردنی سەردەمی پاڵەوانێتی کە لە سەرەتای قۆناخی شارستانی چینایەتی ئافرا، ئیدی بلیمەتبوون و کەسایەتی بلیمەت و بلیمەتخوازی لە رۆژەڤی مرۆڤایەتی تا رۆژگاری ئەمرۆشمانی لەگەڵ دابێ، شوێنگەیەکی سەرەکی وەرگرت. بەر لەوە بلیمەتبوون و بلیمەتخوازی و کەسێتییە بلیمەتەکان نەبینراون. چونکە هێشتا تاکەکانی کۆمەڵگە خاوەن سیما و ناسنامە و قەوارەی تاکێتی نەبوون و تاکڕەوێتی خۆیان نەئافراندبوو. تەنانەت پۆلینە کۆمەڵایەتییەکانیش (لەنێوان رەگەزەکان، چینەکان، توێژەکان) شێوەیان وەرنەگرتبوو.. کۆمەڵگە، یاخود بڵێین پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان بە یەك رەنگ سیماگیر بوون و یەك ئاراستەی ئاسۆییان وەرگرتبوو. لە حاڵەتی بەم جۆرەشدا نەك هەر بلیمەتبوون و بلیمەتخوازی، کە لوتکەی باڵاگرتن و هەڵکشانی تاکێتییە، تەنانەت تاکەکانیش خاوەن سیمای خۆیان نەبوون و جگە لە سیمای کۆمەڵگە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکان هیچ سیماگیرییەکی دیکەیان نەبووە.

بەڵام بلیمەتخوازی و بلیمەتبوون ئەوکاتە چەکەرەی کرد کاتێك تاکەکان لە سیمای گشتی کۆمەڵگە وەڕس بوون و ئیدی سیمای گشتگیرانە و یەکڕەنگی کۆمەڵگە لە هەڵپڕوکان و لێکترازاندن دابوو، تا دەهات دوو رەنگی و سێ رەنگی و هەمەڕەنگی سیمای رەگەز و چین و توێژەکان شوێنی بە سیما گشتگیرە یەکڕەنگییەکە چۆل کرد. هەڵبەتە لەمەدا فاکتەرە زانراوەکانی بەگەڕخەر و هەڵسوڕێنەرەکانی کۆمەڵگە " ئابووری، شێوەکانی هزر" توانیان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەردەمی نیۆلۆتیکی بگەیەننە ئاستی جیاجیای چینداری و رەگەزداری. ئەمەش تاکەکانی بەرەو گەڕان بە دوای سیمای تاکێتی و تاکڕەوێتی خستە گەڕ و گیانی گەڕان و خۆسەلماندن و پایەدارێتی لە کەسێتی تاکدا چاند. بەمەش لەبری خەیاڵاندنی دەستەجەمعی و گشتگیرانە دەروازەی لەبەردەم خەیاڵاندنی تاکێتی و تاکڕەوێتی ئاواڵا کرد و گیانی بلیمەتخوازی سەریهەڵدا و گەشەی سەند.

دەکرێ بلیمەتخوازی لەڕووی کەمەڵناسییەوە لە چوارچێوەی "دیاردەیەکی پێوانەبڕ"ی پێناسەی بکەین، وەلێ لە هەمان کاتدا؛ لە پێوانەگیری (پێوانەکردنی) ئاستی پێگەیشتنی هزری مرۆڤایەتی و هەڵکشانی تاکێتیدا بە ترۆپکی پێگەیشتنە هزرییەکان و شێوەگرتنی تاکێتی دایبنێین. ئەمە بەو واتایە دێت بلیمەتبوون وەك چۆن پێوانەبڕییە لە ئاستی باوی هزری کۆمەڵگە ئەوا گەیاندنی هەمان ئەو هزرەیە بە ترۆپکێکی دیکە. هەڵبەتە ترۆپکبوون لە زەمەن و زەمینێکی دیاریکراودا، کەواتە بلیمەتبوون بازدانە لە ترۆپکێکەوە بۆ ترۆپکێکی بەرزتر. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا هەڵکشانێکی ستوونی بۆ هزری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە ئافراند. چونکە لەگەڵ هەڵکشانی هەر تاکێك لەنێو کۆمەڵگەدا ئەوا لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵگەکەیشی پەلکێشی هەڵکشاندن کردووە.

لێرەدا دەتوانین بێ پەروا بڵێین؛ پۆلینبوونی کۆمەڵگە بۆ چەندین بوار و کایە و ئاراستەی جیاواز دەرئەنجامێکی ئەو هەڵکشانە قەڵەمباز و بازدانانەی کەسێتییە بلیمەتەکانە. وەلێ لەگەڵ هەر پۆلینبوونێکی دیکەی کۆمەڵگە و لێبوونەوەی لق و چڵی دیکە لە بوار و کایە و ئاراستەکانیدا دەرفەتی بلیمەتخوازیش زیاتر دەرەخسێ. بۆیە ئەگەر پێشتر لە قۆناخە سەرەتاییەکانی شارستانی چینایەتی لە ڕووی چۆنایەتییەوە زۆر بە کەمی کەسێتی بلیمەت دەردەکەوتن و زۆر بە کەمی قەڵەمباز و بازدانە بلیمەتییەکان دەنران و هەڵکشانەکانیش بەهەمان شێوە، ئەوا لەگەڵ چڕوپڕ بوون و تێکچڕژانی بوار و کایەکانی نێو کۆمەڵگەکان و ئاوێتەبوونی ئاراستەکانیان

توانستی دەرکەوتنی کەسێتی بلیمەت و خەیاڵاندنی بلیمەتخوازیانە لەڕووی چەندایەتییەوە زیاتر بووە. بێگومان لە ڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان کەسێتییە بلیمەتخوازییەکاندا هەیە. چونکە لەڕووی چۆنایەتییەوە ئۆرژیناڵێتی کەسێتییە بلیمەتەکان لەگەڵ نا ئۆرژیناڵبوونیاندا پێویست بە هەڵاوێردکردنێکی ورد هەیە. بۆ نموونە (زەردەشت) بلیمەتێکی ئۆرژیناڵە لە ئاستی هزری فەلسەفیدا، (گۆتەنبەرگ)یش لە ئاستی چاپکردندا. بەڵام فارابی بە بەراورد لەگەڵ ئەفلاتوون، ئبین روشد بە بەراورد لەگەڵ ئەرستۆ ئۆرژیناڵ نین. بەڵام فارابی و ئبین روشد بە بەراورد لەگەڵ پەیڕوانیان و هاوفیکرانی دوای خۆیان ئۆرژیناڵن. لە تەوەری بلیمەتبوون و بلیمەتخوازیدا گرنگ خەیاڵاندنی قەڵەمبازانەی ئۆرژیناڵە، گەوهەر و کانگای بلیمەتبوونیش تێپەڕاندنی خەیاڵاندنە باو و سواو و لەگەڕکەوتووەکانە و گەیشتنە بە لوتکەی خەیاڵاندن لە زەمەن و زەمینێکی دیاریکراودا.

لە ژمارەی ()ی ڕێکەوتی 10.2004.؟ لەلاپەڕە ()دا بڵاوکراوەتەوە.

*//*/*

## بلیمەتبوون... زەمەنی خەڵوەتگەرایی

ئەو کاتانەی خەیاڵاندنی منداڵێتی کز و لاواز دەبێت و بەرهەمدار نابێت، ئەوا پەنابردنە بەر خەڵوەتبوون و کردەی خەڵوەتگەرایی تاکە ڕێگە دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی خەیاڵاندنی منداڵێتی و چالاککردنی پرۆسەی خەیاڵاندنی مرۆڤ. هەڵبەتە کە مرۆڤ پەنا وەبەر خەڵوەتبوون دەبات تەمەنی منداڵێتی جێهێشتووە. بەو واتایەی لە شێوە خەیاڵاندنی منداڵێتیش دادەبڕێت. ئەو مرۆڤانەی لە زەمەنی منداڵێتیدا بنچینەیەکی بلیمەتبوونیان داڕشتووە و بلیمەتخوازیان لە ناخدا ڕۆچووە، وەلێ زەمەنێکی پچڕاندن و دابڕاندن لەو شێوە خەیاڵاندنەی بەسەردا سەپێنراوە یاخود گلاوەتە نێو زەمەنێکی ئاسایی دوور لە زەمەنی بلیمەتخوازی. بۆ گەڕاندنەوەی ئەو زەمەنە یان بڵێین؛ بۆ خۆخزاندنەوەی بۆ نێو زەمەنی بلیمەتخوازی پەنا وەبەر خەڵوەتکردن و خەڵوەتبوون دەبات. لەبنەڕەتدا ئەگەر زەمەنی خەیاڵاندنی منداڵێتی زەمەنی نەشونماکردن و چەکەرەبوونی بلیمەتێتییە، ئەوا مسۆگەر زەمەنی خەڵوەتبوون و خەڵوەتگەرایی زەمەنی پێگەیشتن و کامڵبوونی بلیمەتێتییە. لەو زەمەنە خەڵوەتییەدا کەسی خەڵوەتبوو بە جەستە خۆی لە کۆمەڵگە و ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی دادەبڕێێ و هەوڵدەدات لەمیانەی خەیاڵاندنی بێسنوورەوە هەست و نەست و هزر و ئیرادە و خەیاڵی خۆی

لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان رزگار بکات و لە روانگەی خەیاڵاندنەکانی نێو زەمەنی خەڵوەتبووندا پەیوەندییەکی جودا لەگەڵ کۆمەڵگە و ژینگەکەی بونیاد بنێت.

لە ئەزموونی بلیمەتانی مێژوودا؛ ئەوانەی پرۆسەی خەڵوەتبوونیان ئەنجامداوە لەوێنەی زەردەشت و پێغەمبەرە یەکتاپەرستەکان و فەیلەسوفی ئینگلیزی (سبێنسر) و گاندی، وەك چۆن زەمەن (کات)ی خەیاڵاندنی خۆیان لە زەمەنی کۆمەڵگە و تاکەکانی دابڕاندووە، ئەوا بەهەمان شێوە شوێنی خەیاڵاندنەکەشیان لە هی کۆمەڵگە و تاکەکانی دابڕاندووە. ئیدی شوێنگەیەك بۆ خەڵوەتبوون هەڵدەبژێرن و تێیدا لە خەڵوەتدا دەبن، جا ئەم خەڵوەتگایە ئەشکەوت بێت یان چۆڵەوانی یان خانوویێك بێت. گرنگ ئەوەیە تایبەتمەندێتی خەڵوەتگایی تێدا بەدیبکرێت. هەروەها زەمەنی خەڵوەتبوونەکە ساڵێك بێت یان دە ساڵ یان زیاتر یان کەمتر، گرنگ ئەوەیە ئەو ماوە زەمەنییەی خەڵوەتبووندا تێربوون و کامڵبوون لە پرۆسەی خەیاڵاندن بێتە کایەوە و پێبگات و بگاتە لوتکەی خەیاڵاندنی خۆی.

خاڵی هەرە گرنگ لە پرۆسەی خەڵوەتبووندا پێکهێنانی پرۆسەی بەسەرخۆدا زاڵبوونە. بەسەرخۆدا زاڵبوون بە واتای پەروەردەکردنی خود و پێکهاتەکانییەتی کە (غەریزە، هەست) توخمی هەرە سەرەکییەتی. مسۆگەر بەبێ سەرلەنوێ پەروەردەکردنی خود و پێکهاتەکانی ناخی مرۆڤ پرۆسەی خەڵوەتبوون وەك نووسینی سەر بەفر و کوتانی ئاسنی ساردە. بۆیە بلیمەتان لە ئەزموونی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە پرۆسەی سەرلەنوێ پەروەردەکردنی خود و پێکهاتە خودییەکانی مرۆڤ خاڵی پێهەڵگرتنی بلیمەتێتییە. بۆیە ئەم پرۆسەیەیان بە (جیهادی هەرە مەزن، شەڕی خود، شەڕی هەرە مەزن و... هتد) ناوزەد کردووە.

دوومین خاڵ کە لە خەڵوەتبووندا ئەگەر نەبێت نابێت؛ قورسایی تەواو خستنە سەر لایەنی رۆحی و مەعنەوی و زیهنییە و پەراوێزکردنی لایەنە ماددی و بەرچاو و جەستەییەکانە. چونکە خەیاڵاندن و لە خەیاڵاندنیشدا پرۆسەی خەڵوەتبوون رەهەندێکی تەواو رۆحی و مەعنەوی و زیهنی هەیە. ئەمەش لە ئاکامی پراکتیزەبوونی "تیۆری دابڕان"ەوە دێتەدی کە خۆی لەخۆیدا تیۆرێکە بەر لەهەموو شتێك دابڕانی رۆحی و مەعنەوی و زیهنی بە بنچینە وەردەگرێت.

هەرچەندە پرۆسەی خەڵوەتبوون زەمەنێکی خۆی هەیە. وەلێ بەبێ بەردەوامبوون و پەرەپێدانی ئەم پرۆسەیە ئەوا ئەو زەمەنەش تا دێت کاڵ دەبێتەوە و تادێت کاریگەرییەکانی کەم و پاسیف دەبێت و ستووندەکانی دەهەژێ. بۆیە بلیمەتان؛ بەتایبەتی ئەوانەی پەیامی گۆڕان و وەرچەرخانی تەواوی کۆمەڵگە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆ گرتووە، نەك هەر بەردەوامییان بەو پرۆسەی خەڵوەتبوونە داوە، تەنانەت لەنێو هەوڵی پراکتیزەکردنیشی دابوونە و رێبەرایەتی ماددی و مەعنەوی پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخانە مێژووییەکانیان کردووە. بێگومان جگە لە فاکتەری "زەمەن" و "شوێن" رۆڵی "رووداو" لە بلیمەتبوونی بلیمەتاندا رۆڵێکی هەرە گرنگ و بەرچاوی خۆی هەیە. چونکە لە زۆربەی حاڵەتی بلیمەتانی مێژوودا رووداوێکی چارەنووسساز و رێچکەگۆڕ ئاراستەی هزراندن و خەیاڵاندنی ئەو بلیمەتانەی گۆڕیوە و بەرەو بلیمەتخوازی ئاراستەگیری کردوون. چونکە ئەو جۆرە رووداوانە حاڵەتی کۆمپلێکسی "گرێگیری" لە ناخی کەسی رووداو بەسەرهاتوودا دەئافرێنێ، کە لە ئاکامدا بەرەو خەڵوەتبوون و خەڵوەتگەرایی دەبات.

لێرەدایە سەرەتا بلیمەتەکان بە "شێت" و "خەڵەفاو" پێناس دەکرێن و تەواو گەوهەر و کرۆکی هزراندنیان ناناسرێ و فام ناکرێ. تەنانەت حاڵەتی شێتبوون و بلیمەتبوون، یاخود بڵێین شێتبوون و خەڵوەتگەرایی لەڕووکاردا وێکچووی یەکدین. هەڵبەتە بە کۆمەڵێك جودایی گەوهەری لەنێوانیاندا؛ لەسەرووی هەموویانەوە خەڵوەتبوون ڤەبوونێکی زیهنی و هزری مەزن و وزەیەکی رۆحی و مۆڕاڵی - لێرە بە واتای ورە و جۆش دێت - بێ سنوور لە کەسی خەڵوەتبوودا دەئافرێنێ. بە پێچەوانەی شێتبوون. هەڵبەتە شێتبوونی ئاسایی کە داخراوبوونێکی زیهنی و پەرشوبلاوییەکی هزری قووڵ لە کەسی شێتبوودا دەئافرێنێ و بێ رۆح و بێ مۆڕاڵی دەکات و خەیاڵاندنی دەگاتە خاڵی بنبەستبوون و کۆلەواری و کلۆڵی.

لە ژمارە ()ی رێکەوتی 7.11.2004 دا لە لاپەڕە (10)بڵاوکراوەتەوە.

کۆتایی